چاپی دووەم

# ژیانت بگۆڕە
# تۆ شایەنی باشترینی!

ئارام نەبی مەحموود



# ژیانت بگۆڕە
# تۆ شایەنی باشترینی!



نووسینی

ئارام نەبی مەحموود

ژیانت بگۆڕە، تۆ شایەنی باشترینی!

١

# ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: ژیانت بگۆڕە، تۆ شایەنی باشترینی!
نووسینی: ئارام نەبی مەحموود
ساڵی چاپ: ٢٠١٨ز - ١٤٣٩ک
تیراژ: ٥٠٠
ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٤ پێدراوە

هەرگیز نەڵێی کەسێ نییە
خۆشی بوێم، پۆست کردنی
نووسینەکانم گەواهیدەری
خۆشەویستی

بێ سنووری منە بۆ تۆ!!.

ئارام

# پێشکەشە:

بەو مرۆڤەی ڕێنیشاندەری ژیانمە!

بە خۆم!

بەو مرۆڤەی منی لەسەر خوانی ڕەوشت و ڕەفتاری بەرز پەروەردە کرد

بەو مرۆڤەی دەبێتە ئارامی و ئاسوودەیی گیانم!

بە خانەوادەکەم، بە دایکم (فەریدە)، بە خوشکە تاقانەکەم (شەیما)

بە هاوڕێ خۆشەویستەکانم ئەحمەد و عەبدولقادر و هیوا

بە تۆی گوڵ، کە ئێستا کتێبەکەمت لەنێو دەستدایە

بەوانەی لەسەر دەستیان شتێک فێربوو بووم

بەوانەی کار بۆ گۆڕینی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دەکەن

بە تەواوی ئەو کەسانەی دەیانەوێت تێبگەن تا پێبگەن!

## سوپاس و پێزانین

پێش هەر شت و هەر کەس سوپاس بۆ خوا، ئەمە بە فەزڵی
ئەو دەزانم، دواتر سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی گەر بە
وشەیەکیش بێت هاوکار و یارمەتیدەر بوون لە بەچاپ گەیاندنی
ئەم کتێبە، سوپاسی تایبەت بۆ ستافی گۆڤاری بڕیار و مامۆستا
هاژە شێروانی و هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەبدولقادر و برای
بەڕێزم کاک شەماڵ و مامۆستای ئازیز دکتۆر نەریمان، بە تێبینی
و سەرنج و بۆچوونەکانیان کتێبەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

سەرکەوتنیان ئاواتمە!

# پێرست

پێشەکی.......................................٦
دەرککردنت بگۆڕە ژیانت دەگۆڕێت!!.......................٨
دەمەوێت بۆخۆم بژیم!!.......................١٤
من هەم!.......................................٢٠
وەرزشێکی ناوازە!.......................................٢٢
گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم!.......................٢٤
دوژمنی راستەقینەت بناسە!!.......................٢٨
لەوانەوە فێربووم!!.......................................٣٤
ناوچەی ئارام، یان ناوچەی مەترسی!!.......................٣٨
ئەوەی ڕابردووی نەبێت، داهاتووی نابێت!!.......................٤٢
ئایا هەموو کەسێکی ئامانجدار سەرکەوتووە؟!.......................٤٨
ترس، هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن!!.......................٥٦
چۆن خۆشحاڵ دەبین؟!.......................................٦٠
با منداڵانە بژین!!.......................................٦٢
نامەیەکی تایبەت!!.......................................٦٦
تۆش سوپاسیان بکە!!.......................................٧٠
نهێنی بەختەوەری ڕاستەقینە!.......................٧٦
وتەی کۆتایی.......................................٨٧

# پێشەکی

**بە ناوی دروستکەری بوون...**

**سوپاس و ستایشی بێ ئەندازە بۆ ئەو زاتەی، کە جوانی جوانکارە، ئەو زاتەی بە یادکردنی ڕۆحەکان ئاسوودە و دڵەکان ئارام دەبن، درووود و سڵاوی خوا بڕژێتە سەر گەورەی پێغەمبەران و نێردراوان محمد (درودی خوای لەسەربێت).**

**خوێنەری خۆشەویست... ئەم کتێبەی بەردەستت لەکۆمەڵە وتارێک پێکهاتووە، کە بەزمانێکی سادە نووسراوە، بە جوانترین و ناسکترین وتە ڕازێنراوەتەوە، بۆ لە دایکبوونی ئەم بەرهەمە، پێنووسەکەم لەبری مەرەکەب، خۆشەویستی و میهر و سۆزی لێ تکاوە! ئەوەی لەم کتێبە ئاماژەی بۆ کراوە، کۆمەڵە هۆکارێکی ئەزموون کراون، نووسینی ئەم کتێبە هاوتایە لەگەڵ گۆڕانکارییە گرنگەکانی ژیانم و ئەو سەختی و ناخۆشی و نەهامەتیانەی کە لەم ماوەدا چێشتوومن، بۆیە لەم کتێبەدا هەوڵمداوە هەندێ لەو هۆکارانە بخەمەڕوو، کە مرۆڤ ئاراستە دەکات بە ئاراستەیەکی دروست و هانی دەدات بۆ گۆڕانکاری کاریگەر، بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ باشترین هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی ببێت بە باشترین هاوڕێ لەگەڵ خۆی و دەوروبەری، ئەم پەرتووکە یارمەتیدەرێکی چاکە**

بۆ باشترکردنی کوالیتی ژیان، بۆ ژیان لە کەشێکی هێمن و ئارام، بۆ فەراهەم هێنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست، بۆ گەیشتنی مرۆڤ بە کەماڵی ئاسوودەیی و بەختەوەری ڕاستەقینە!.

سوودمەندی سەرەکی لەم کتێبە کەسانێکن کە ئارەزووی گۆڕان دەکەن، کەسانێک کە دەیانەوێت ئاڕاستەی ژیانیان بگۆڕن، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە دوای بەهانە و هۆکار دەگەڕێن بۆ گۆڕینی خۆیان، ئەم کتێبەش دەبێتە هۆکارێکی گونجاو و ناوازە کە دەستیان دەگرێت و ڕێنموونیان دەکات بەرەو ژیانێکی نوێ و نموونەیی کە پڕبێت لە سەروەری و سەرکەوتن.

دیکارت دەڵێ: ڕەنگە خوێندنەوەی کتێبێک بنەماکانی بیرکردنەوەی مرۆڤێک بگۆڕێت، بۆیە ئەگەری ئەوەش هەیە چارەنووسی هەزاران مرۆڤ بگۆڕێت! بەو ئامانجە ئەم کتێبەم نووسیوە کە ببێتە پاڵنەری تۆی خۆشەویست لەگۆڕینی چارەنووسی ژیانت!

تا ببێتە دەرگایەک لێیەوە بگەیتە خەونەکانت، تا ببێتە نوقڵی سەرکەوتن، تا ببێتە هۆکاری ئاشتەوایی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، تا ببێتە بەرزکەرەوەی دەستە کەوتووەکان و ڕۆشنایی چاوە تاریکەکان.

لە کۆتاییدا... ئارام هیوای ئەو ژیانەت بۆ دەخوازێ، کەخۆت بۆی هیواخوازی!

ئارام نەبی مەحموود

٢ شەوال ١٤٣٤

aram.nebi@gmail.com



# دەرككردنت بگۆڕە،
# ژیانت دەگۆڕێت!

"ئەگەر ویستت سەرەنجامی ژیانت بگۆڕی، پەیبردنت بگۆڕە"

ئایا دەزانی تۆ لە پێشدا بەرنامەڕێژکراویت، هەروەکو چۆن ئامێرێکی مۆبایل، یان کۆمپیوتەر بەرنامەڕێژی بۆ کراوە؟

بەرنامەڕێژی تۆ بیروباوەڕ و هەموو ئەو بەها و بنەما ڕەوشتی و سۆزداریانە دەگرێتەوە کە لە جیهانی دەرەوە دەستت کەوتووە، ئەوانیش بریتین لە: دایک و باوک، بازنەی خێزان، قوتابخانە و هاوڕێکان، ژینگەی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن.

ئەو بەرنامەڕێژییەش لەسەر بەها و سیستەم و بیرکردنەوەی ئەو کەسانە بونیاتنراوە، نەوەک لەسەر بناغەی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی تۆ، کەواتە ئەوانن دروستکەر و فەراهەمهێنەری کەسایەتی تۆ، تۆ ئەو کەسەی کە دەوروبەرت دەیەوێت، نەک ئەو کەسەی کە خۆت دەتەوێت!!.

توێژەرانی هەردوو زانکۆی ( سان فرانسیسکۆ ) و ( هارڤارد ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ٩٠٪ ی ئەو بەرنامەڕێژییە کاریگەری خراپ و نێگەتیڤیان هەیە، چونکە مرۆڤ لەو ژینگەیە بەدەستی دێنێت کە لێی پەروەردە بووە، بەبێ ئەوەی خۆی هیچ ڕۆڵێکی لە دەرککردن و کۆنترۆڵ کردنیدا هەبێت ، بۆیە ئەو ڕەفتارەی کە وەری دەگرێت، لەوانەیە بۆ ژیان و گوزەرانی گونجاو نەبێت.

بۆ نموونە ئەگەر دایک و باوکی منداڵێک لەو جۆرە کەسانەبن کە زوو هەڵدەچن و توڕەدەبن، دەبینین منداڵەکەش بەبێ ئاگاییەوە ئەو سیفەتە وەردەگرێت، چونکە لە قۆناغێکی تەمەنیدایە ناتوانێت شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ شتەکان بکات، بەمەش لە مامەڵەکردنی لەگەڵ دەوروبەردا تووشی گرفت و کێشەی جۆراو جۆر دەبێت.

پێویستە ئەوەش بزانین کە مرۆڤ لە ماوەی حەوت ساڵی یەکەمی تەمەنی ٪۹٥ ی کۆی سەرجەم بیروباوەڕ و بەها و بنەما ڕەوشتی و سۆزدارییەکانی وەردەگرێت.

بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵیە ئەوەیە کە مرۆڤ قابلیەتی گۆڕانی هەیە، بۆیە مرۆڤ دەتوانێ دووبارە خۆی پرۆگرام بکاتەوە و لەکۆت و بەندی بەرنامەڕێژی پێشوو ڕزگاری بێت، واتە مرۆڤ دەتوانێ ئەو بەرنامەڕێژییە بگۆڕێت بۆ ئەو چەشنەی خۆی دەیەوێت، ڕاستە گۆڕینی بەرنامەڕێژی کەمێک قورسە، چونکە ئەو بەرنامەڕێژییە لەسەر ژێری نائاگا هەڵگیراوە و کاری پێکراوە و مرۆڤ لەسەری ڕاهاتووە، زۆرجار دەبینین بەبێ ویستی خۆمان هەڵوێستگەلێک دەنوێنین کە دواتر دەبێتە مایەی پەشیمانیمان.

گۆڕینی بەرنامەڕێژی پێشوو وەکو ئەوە وایە پەرداخێک چا، ئاوی بەسەردا برێژین دوای ماوەیەک بەردەوامی لەم کردارە دەبینین پەرداخە چاکە دەگۆڕێت بۆ پەرداخێک ئاو، گۆڕینی بەنامەڕێژی پێشوو ڕێک وەکو ئەم نموونەیە وایە تۆ دەبێت بەردەوام لەکاردابیت بۆ گۆڕینی خووە خراپەکان بە خووی چاک و پەسند، ڕەفتارە نەشیاوەکانت بە ڕەفتار و ئاکاری جوان، بیرکردنەوە نەرێنیەکانت بە بیرکردنەوەی ئەرێنی، ئەم کردارەش پێویستی بە یاسای بەکێشکردن هەیە.

یاسای بەکێشکردن یان ڕاهێنانی ۲۱*۱٤ واتە ۲۱ جار لە هەر ڕۆژێک، بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ دووبارکردنەوەی گوفتار، یان کردارێک، کە خۆت بتەوێت لەسەری ڕابێیت، بەمەش وردە وردە ژێری نائاگا وەری دەگرێت و لە داهاتوودا دەبێتە خوو و پێتەوە دەنووسێت! کارکردن بەم یاسایە توانای ئەوەت پێدەبەخشێت زاڵبیت بەسەر خووە نەرێنیەکان و دەسکەوتنی

## خووی ئەرێنی!

دەرککردن ئەو ڕێگایەیە کە ئێمە بە هۆیەوە مانا دەبەخشینە شتەکان، بۆیە زۆر گرنگە بزانین دەرککردن لە چیەوە سەرچاوە دەگرێت؟

هێزێک نییە زاڵتر بێت لە هێزی باوەڕ لە گۆڕینی مرۆڤ و ئاڕاستەکردنیدا، ئەو گەورانەی کە ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتیان گۆڕی، ئەوان خودی خۆیان و بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانیان گۆڕی.

بۆیە هەرکە باوەڕ گۆڕا، دەرککردنیش ڕاستەوخۆ بەدوای ئەودا دەگۆڕێت، چوون دەرککردن لەسەر بنەمای باوەڕێک دروست دەبێت، بۆ نموونە: ئەو مرۆڤەی جگەرە دەکێشێت، بڕوای وایە جگەرە هێورکەرەوەیە و ئارامی پێدەبەخشێت، کەچی لەڕاستیدا بەپێچەوانەوە جگەرە زیان بە تەندروستی و سامان و ڕەوشت و ئاینی مرۆڤ دەگەیەنێت!!، زۆرجار



وابووە بەکەسی جگەرەکێشم وتوە: بۆ هەوڵ نادەیت جگەرە تەرک بکەیت، لەوەڵامدا وتویەتی: هەوڵمداوە، بەڵام نەمتوانیوە!، بەهۆی ئەوەی هەر کاتێ لە جگەرە دووردەکەومەوە تووشی توڕەیی و هەڵچوون دەبم!!.

دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دەڵێ: دوای سێ ساڵی تەواو لە توێژینەوە لە وشەی دەرککردن بۆم دەرکەوت هیچ گۆڕانێک بەبێ دەرککردن دروست نابێت.

ئەگەر دەرک نەکەیت کە تەمبەڵی و خاوە خاوکردن لە کارەکان لەکاروانی ژیان دوات دەخات، ئەوا هەرگیز ئامادەنیت چالاکانە و بە گوڕ و تینەوە کاربکەیت، ئەگەر دەرک نەکەیت کە تواناکانت بەکارنەهێناوە، ئەوا هەرگیز بیر لە بەکارهێنانی ناکەیتەوە، ئەگەر دەرک نەکەیت کە توڕەیی گورزی کوشندەت لێ دەوەشێنێت، ئەوا هەرگیز ناتوانیت دەستبەرداری ئەم سیفەتە قێزەونە بیت، ئەگەر دەتەوێت ژیانت بگۆڕیت، دەبێت بەو چەشنە دەرک بکەیت کە گۆڕان بۆ ژیانت پێویستە، بەڵێ دەبێت دەرک بەوە بکەیت کە تۆ شایەنی باشترینی، دەبێت پەی بەوە ببەیت کە تۆ شایستە و لایەق بەژیانێکی نموونەییت!.

کەواتە دەرککردن سەرەتای گۆڕانکارییە، گۆڕانیش سەرەتای گەشەکردن و پێشکەوتنە، بەو پێیەش مرۆڤ ناتوانێت پێشکەوێت، تا دەرککردنی نەگۆڕێت.

ئاگاداربە گۆڕانکاری هەروا ئاسان نییە، هەر ئەوەندە بەس نییە بە زمان بڵێیت: "من دەگۆڕێم!" نا! ئەوەی تۆ بەنیازیت بیگۆڕیت، شێوازی بیرکردنەوەتە، بەرنامەڕێژی ڕابردووتە، ڕەفتارە دزێوەکانی ڕابردووتە، دەی ئەوەیە گۆڕانکاری!، گۆڕانکاری واتە لە ئاییندەدا کارەکان بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی ئێستات ئەنجام بدەیت! جیاواز

بیربکەیتەوە، جیاواز ڕەفتار بکەیت، تەواوی شتەکان جیاواز بێت لەوەی ئێستات، بۆیە گۆڕانکاری پێویستی بە ئارامگری بێ سنوور هەیە، بە ئارامگرتن دەتوانی زاڵبیت بەسەر کێشە و ناخۆشیەکاندا، بەڵێ بە ئارامگرتن دەتوانی کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەمت لەبن بێنیت، کە ڕێگرن لە گۆڕانت بەرەو ژیانێکی تر! ڕاست گوتراوە: "ئارامگرتن تاڵە، بەڵام بەرهەمەکەی لە هەموو شیرینیەک شیرینترە"!

گەر دەتەوێت شادبیت بە وەرزی گوڵ و گوڵزار، دەبێت ئارام بگریت لەسەر سەختی و ناخۆشیەکانی وەرزی باو بۆران!.



# دەمەویت بۆخۆم بژیم!



سەرەتای گوتارەکەم بە وتەیەک دەست پێدەکەم و دەڵێم:"ئەی گەورەکان چیتر من نامەوێت ئەوەبم کە ئێوە دەتانەوێت، بەڵکو دەمەوێت ببم بەوەی کە خۆم دەمەوێت!!"، وابزانم تاوانم نەکردووە گەر بمەوێت بۆ خۆم بژیم!!.

بیرتە کاتێ منداڵ بووین گەورەکان بەزۆر ئەو کارانەیان پێ ئەنجام دەداین کە خۆیان حەزیان پێ دەکرد، بەڵێ دەبوو بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکەین کە ئەوان لێمان ڕازی بن!، دەبوو ئەو پۆشاکە لەبەر بکەین کە ئەوان حەزی پێدەکەن!، ئێمە مافی قسەکردن و جوڵەی سەربەخۆمان نەبوو، هەمیشە چاوەڕوانی ئەوان بووین کە ئەوان ئەمر بفەرموون!، ئینجا ئێمەش بکەوینە کار، هەڵبژاردنەکانمان لە دەستی ئەوان دابوو، بەکورتی ئەوان چۆنیان بویستایە، دەبوو ئێمە ئەوا بژین، زۆرجاریش بووە ئازاریان داوین بەهۆی ئەوەی کارێکمان ئەنجام داوە کە بە دڵی ئەوان نەبووە!!.

ئەوان ئێستاش نایەنەوێت باوەڕبکەن کە ئێمە گەورەبووین، نایانەوێت مافی ئەوەمان پێبدەن کەببین بە دروستکەر و ئەندازیاری ژیانی خۆمان، نایانەوێت هەڵبژاردنی ژیانمان لە دەستی خۆماندا بێت، ئەوان دەیانەوێت ڕێک کۆپیەک بین لەوان، لە قسەکردن، لە مامەڵەکردن، لە بیرکردنەوە، دەیانەوێت لە تەواوی زیندەگیمان لەوان بچین!!.

ئێمە بووینە دیلی بیرکردنەوە چەوت و هەڵەکان، بووینە قوربانی داب و نەریتە نەشیاوەکان، بووینە بەندی حەز و ئارەزووی گەورەکان!!. ئەوە ئەوانن ناهێڵن نەشونما بکەین، ناهێڵن سوود لە ئاوەزی ناوەزەمان

وەربگرین، ناهێڵن توانا لەبن نەهاتووەکانمان بەگەڕبخەین، دەی من بڵێم چی ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن تا لە پەل و پۆمان بخەن!!، ئێستاش کە دەمانەوێت دەست بۆ کارێکی گەورە و جیاواز ببەین، تا بتوانن دەبنە ڕێگر و فشاری زۆرمان بۆ دێنن تا واز بهێنین، گەر لێشیان بپرسی دەڵێن: ئێمە دڵسۆزی تۆین و چاکەی تۆمان دەوێت!.

چەندین مرۆڤی بەهێز و خاوەن توانست و بیرۆکەی جوانی ئەم وڵاتە لەلایەن دەوروبەریەوە سڕکراوە، بۆ دەبێت مرۆڤ لە لوتکەی هێز و توانایدا پێشی پێبگیرێت و بەرهەڵستی بکرێت؟ بۆ دەبێت توانستەکانی مرۆڤ لە چەند کارێکدا سنووردار بکرێت؟.

نەک ئەوەش، بەڵکو کێشە گەورەکە لەوەدایە کەبەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان ناچار دەکرێن لە بوارێک کاربکەن، یان لە بوارێک بخوێنن، یان لە بوارێک تواناکانیان بەفیڕۆ بدەن، کە لەگەڵ حەز و ویست و سروشتی ئەوان یەکناگرێتەوە، ئەمڕۆ ناتەباییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان مرۆڤەکان و پیشەکەیان بەدی دەکرێت!!.

زۆربەی جاریش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوروبەر دەست دەخەنە نێو کاروبارەکانی ژیانمانەوە، ئەی ئەوە نییە قوتابی لە پۆلی شەش دەبێت لەو کۆلێژە بخوێنێت کە گەورەکان بۆی دیاری دەکەن، تۆ دەبێت ئەو پیشەیە هەڵبژێریت کە گەورەکان دەیانەوێت!.

یەکێ لە هاوڕێکانم بۆی گێڕامەوە کە براکەی داوای لێکردووە لەگەڵی کاربکات و ببێت بە وەستا، دەزانی بە هۆکاری چی؟!.

بە هۆکاری ئەوەی کە ئەوان باوکیشان وەستایە و تازە ناویان بە وەستا ڕۆشتووە، بۆیە پێویستە ئەوانیش دوای کارەکەی باوکیان بکەون و ببنە وەستا!!.

مەبەستم لە کەمکردنەوەی نرخ و بەهای کارەکە نییە، نا هەرگیز بەڵکو هەر مرۆڤێک خوای گەورە تایبەتمەندی کردووە و بەهرەیەکی

پێبەخشیوە، بەڵام بە گوتە و بیرکردنەوەی ئەم جۆرە مرۆڤانە بێت، دەبێت نەوەی نەوەکانیشیان تا کۆتایی ژیانیان ببنە وەستا و کاربکەن، نابێت پیشەکەیان بگۆڕن، بەهرەی چی، ئارەزووی چی، ئامانجی چی؟ ئەمانە هەمووی شتی چەواشەکار و بێسەروبەرن!!.

پێت بڵێم ئەو مرۆڤانە کێن کە بوونەتە دیلی دەستی دەوروبەریانەوە؟ دەزانی کێ دەچێتە ژێرباری داواکاریەکانی دەوروبەریەوە؟ دەزانی ئەوانەی دەبنە قوربانی کێن؟!.



کەسێک کە خۆی نەناسێت، کە نەزانێت توانستەکانی کامەیە، دەرکی بە بەهرە و ئارەزوەکانی نەکردبێت، هەستی بە گرنگی و سوودی ئامانج نەکردبێت، ئامادەنەبێت بەرپرسیاریەتی ژیانی بگرێتە ئەستۆ، ئەو جۆرە مرۆڤانە وەکو ڕۆبۆتێک وان کە کۆنترۆڵیان وا بەدەستی کەسانێکەوە کە چۆن بیانەوێت و ئارەزوو بکەن بەوشێوەیە دەیانخەنە جووڵە و کار.

خوای گەورە هەموو مرۆڤەکانی وەکو یەک دروست نەکردووە، هەر مرۆڤێک خاوەن بیروباوەڕ و عەقڵ و بیرکردنەوە و کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆیەتی، خاوەن بەهرە و حەز و خولیای تایبەت بەخۆیەتی، بۆ دەبێت ناچار بکرێین بەکردنی کارێک کە حەزی پێناکەین!!، ئەوان بەو کارانەیان ڕێز و گەورەیی و کەسایەتی و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەخەنە ژێر پێیانەوە!!.

هەمیشە وتومە و ئێستاش دەیڵێمەوە: نابێت جیاوازی نێوان مرۆڤەکان دژایەتی فەراهەم بێنێت، بەڵکو دەبێت خۆشەویستی و ڕێز و هاوکاری و یەکتر قبوڵکردن بە خەڵات بێنێت.

بەڵام بەداخەوە! ئەمڕۆ ئەو گەنجەی کە دەیەوێت بۆ خۆی بژی، کە دەیەوێت خۆی خۆی بێت نە کەسی تر، کە دەیەوێت بڕیار بەدەستی ژیانی خۆی بێت، کە دەیەوێت لەو بوارە بخوێنێت و کاربکات کە حەز و خولیا و ئامانجیەتی، کە دەیەوێت خۆی بەردی بناغەی ژیانی دابنێت، لەلایەن دەوروبەریەوە دژایەتی دەکرێت، بە گەوج و شێت و خەلەفاو ئەژمار دەکرێت، یاری بە هەست و سۆز و کەرامەتی دەکرێت، لەکەدار دەکرێت، ئازار دەدرێت، هەرچی قسەی ناشیرین هەیە پێی دەوترێت، تەنها تاوانیشی ئەوەیە کە دەیەوێت بۆ خۆی بژی!!.

مرۆڤەکانی ئەمڕۆ زۆربەیان وەکو ئەکتەری سەر سەکۆی شانۆ وان، تەنها ئەو ڕۆڵە دەگێڕن کە بۆیان دیاری دەکرێت، بەڵام ئازیز تۆ



جیاوازبە! تۆ ڕۆڵی سەرەکی
خۆت ببینە نەوەک ڕۆڵی
کەسانی تر، ژیانی ئاسایی
خۆت بژی، بەو شێوەیە بژی
کە خۆت پێت باشە و بەچاکی
دەزانیت، نەک بەو شێوەیەی
کە خەڵک بۆت دیاری دەکەن!!.


من هەم!

بوێربە و هەمووان سەرسام بکە بە وتەی: "من هەم"!

پڕ بەدەنگت هاوار بکە و بڵێ: "من هەم"!

نامەیەک بۆ هاوڕێکانت بنێرە و تیایدا بنووسە: "من هەم"!

پۆستەرێک هەڵواسە لە سەری نووسرابێت: "من هەم"!

لە تێنووسە تایبەتیەکەتدا بنووسە: "من هەم"!

با هەمیشە دروشمی ژیانت بریتی بێت لە: "من هەم"!

بە گەورەکان بڵێ: "من هەم"!

بە بەرپرس و بەڕێوەبەرەکەت بڵێ: "من هەم"!

بە سروشت بڵێ: "من هەم"!

دە ئیتر بڵێ: "من هەم"!

زیاتر لە جارێک و دوو و دە بڵێ: "من هەم"!

لە هەموو شوێنێک، هەمیشە و بەردەوام بڵێ: "من هەم"!

ئاخر ئەم وتەیە واتایەکی قووڵی هەیە، هەر چەند بنووسین دەربارەی هەر کەمە! چوون مرۆڤ بەهۆی ئەم دەربڕینەوە هەست بە بوونی خۆی دەکات، بەهۆی ئەم دەربڕینەوە دەیسەلمێنێت کە بە باشی خۆی دەناسێت! دەزانێت ئەرکی چییە لەسەر زەوی!

من هەم! واتە من بیردەکەمەوە! واتە من تایبەتمەندم! خاوەن توانا و بەهرەی خۆمم! خاوەن کەسایەتی خۆمم! خاوەن گوفتار و قسەی خۆمم! خاوەن رەفتار و ئاکاری خۆمم!، من هەم! واتە بڕیار بەدەستی ژیانی خۆمم! واتە بەرپرسیاریەتی ژیانم لە ئەستۆ دەگرم! واتە متمانەی تەواوم بە خۆمە! واتە من لە هیچ کەس ناچم! بەڵێ من هەم واتە من خاوەنی خۆمم!

بوەستە!! هێشتا قسە ماوە بۆ وتن!.... بەڵام لێرەدا بابەتەکە جێدەهێڵم بۆ تۆ! تۆ هەڵسە بە تەواوکردنی...!

# وەرزشێکی ناوازە!

ئەو کۆبوونەوانەی لەگەڵ خۆم و خودی خۆم ئەنجامیان دەدەم، بەباشترین دەسکەوتیان دەزانم، بە نایابترین کۆبوونەوەکانمی دەزانم، چوون ئەو مرۆڤەی کە ئێستا هەم دەرەنجامی ئەو کۆبوونەوانەم کە لەگەڵ خۆم و ناخی خۆمدا بەستوومن، دوان لەگەڵ خۆم ئارامی و هێزم پێدەبەخشێت بە چەشنێ کە وێنەی نییە، مرۆڤ کاتێ گەشە دەکات کە فێربێت لەگەڵ خۆیدا بدوێت، بەڵێ مرۆڤ کاتێ گەورە دەبێت کە فێربێت بەردەوام لەگەڵ خۆی لە پەیوەندی دابێت.

کاتێ مرۆڤ دەست دەکات بەوەرزشکردنی جەستەیی، بێگومان هێزی بازووی گەشەدەکات و تواناکانی دوو هێندە دەبێت، بەڵام وەرە لەگەڵم بە! تا فێری وەرزشێکی ناوازەت

بکەم، وەرزشی دوان لەگەڵ خۆتدا، وەرزشی کۆبوونەوە لەگەڵ خۆتدا، وەرزشی بەهێزکردنی ئاوەز، دەی هەر ئەوەیە مرۆڤ بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن دەبات، هەر ئەوەیە یەکەمین هەنگاوی چاکسازی لە خودا.

ئای چەندە لەزەت بەخشە! کاتێ مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هاوڕێیە و بەردەوام لەگەڵ خۆی لە دواندایە، بەڵام بڵێم چی؟! ئێمە هێندە لەگەڵ دەوروبەر لەپەیوەندی داین، خۆزگە نیو هێندەش لەگەڵ خۆمان و ناخی خۆمان لە پەیوەندی دادەبووین.

ئازیز گیان... گەر دەتەوێت فێری وەرزشی دوان لەگەڵ خۆت بیت -قسەکردن لەگەڵ خود-، ئەوا پێویستە فێری تەنهایی بیت، بەڵێ خەڵوەت بواری ئەوەت بۆ دەڕەخسێنێت و توانات پێ دەبەخشێت تا لەگەڵ خۆت بدوێیت، ئاخر ئەوەی مرۆڤ لە تەنهایی پێی دەگات، هەرگیز لە قەرەباڵغی دەستی ناکەوێت، چۆن ئامادەیت کات ببەخشیتە دەوروبەر بۆ گرتنی پەیوەندی لەگەڵت، بەهەمان شێوە دەبێت کات بۆ خۆت تەرخان بکەیت تا بتوانیت لەگەڵ خود و ناخی خۆتدا پەیوەندی بگریت، مرۆڤ هەرگیز لەگەڵ خۆیدا فێری پەیوەندیگرتن نابێت، تا فێری تەنهایی و لەخەڵک دابڕان نەبێت! دەی هۆکاری دروستبوونی مرۆڤە مەزنەکان ئەو سەرەتایە سادەیەبوو: "خەڵوەت کردن و دوان لەگەڵ خود".



# گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم!

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** لەخۆت ببورە و لەگەڵ خۆتدا ئاشت بەرەوە، دەست هەڵگرە لە دژایەتی کردنی خۆت، واز لەسەرکۆنەکردنی خۆت بێنە، تا هەتایە ئەو دەنگ و بیرۆکە نەرێنیانەی ناو ناخت کپ و بێدەنگ بکە، بەتایبەتی ئەو دەنگانەی کە هەستکردنت بە تاوان و پەشیمانی بۆ دروست دەکەن، چوون بڕیارە تۆ لە ئایندە ژیانێکی تر بژیت، جیاواز لەو ژیانەی پێشووت! بڕیارە تۆ کەسێکی تر بیت، جیاواز لەو کەسەی پێشوو!

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** زستانت خۆشبوێت!، چوون هۆکاری جوانی بەهارە، تا زستان سەختر و ساردتر بێت، وەرزی بەهار جوانتر و گەشاوەتر و دڵگیرتر دەبێت، کاتێ دەبینیت سروشت بە گوڵ و گوڵزاری جوان و ڕەنگاو ڕەنگ ڕازێنراوەتەوە، ئەوا بزانە لەپێشدا سروشت بە زستانێکی دژواری پڕ لە با و بۆران، و پڕ لە دەنگی گرمەی هەور و تریشقەی بروسکە تێپەڕیوە، واتە سەختی زۆری کێشاوە! مرۆڤەکانیش بە هەمان شێوە، هەرگیز ناگەن بە پلەی باڵا، هەرگیز ئەزموون وەرناگرن، فێرنابن، تاوەکو سەختی و ئازاری ڕێگەی ژیان پەسند نەکەن، ناکرێ مرۆڤ ببێت بە دانا، بە حەکیم گەر دەستاڕی ژیان نەیهاڕیبێت، دەبێت شوێنەواری ڕووداوەکان بەسەر ڕوویەوە دیاربێت!!. دەبێت ناخۆشی و هەژاری و نەهامەتی بکێشێت!.

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** دەتوانین بۆ بەدبەختی خۆمان، بۆ ڕابردووی خراپمان، بۆ شکست و دۆڕانەکانمان، دەستەوئەژنۆ دابنیشین و بگرین، دەشتوانین بە هەموو هێز و توانامانەوە بەوپەڕی متمانەبەخۆبوونەوە هەستینە سەرپێ!!.

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** ببە بە ئاوێنە بۆ هاوڕێکانت!، ڕێک وەکو ئاوێنەبە، هەڵەکان وەکو خۆی دەربخە، بێ گەورەکردن و لەدەنگدان، ئەمانەت پارێزبە و کەموکوڕی و هەڵەکانی هاوڕێکانت بەکەسی تر مەڵێ، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵەکانیان بۆ دەردەخەی، گەورەیی بنوێنە باسی چاکە و خورەوشتە بەرزەکانیان بکە، ئەوەتا



پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێت دەفەرمووێت: "باوەڕدار ئاوێنەی باوەڕدارە".

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** بەرپرساریەتی ژیانت لەئەستۆ بگرە و بڵێ: " من بەرپرسیاری ژیانی خۆمم، من بەرپرسیاری تەواوی گوفتار و ڕەفتارەکانمم، من بەرپرسیاری ئەو بارودۆخە دەگرمە ئەستۆ کە تێیدا دەژیم"! هەر ئەوەندەی کە ئەمە بڵێیت، ئیتر تۆ دەبیتە مرۆڤێکی تر، زۆر جیاواز لەوەی پێشووتر، دەی ئاخر خاڵی جیاکەرەوەی نێوان کەسی نەرێنی و ئەرێنی هەر ئەوەیە "بەرپرسیاریەتی"!!.

**گوێچکەت بێنە با بە چرپە پێت بڵێم...** هیچ کەسێ لە جیهاندا ناتوانێ بتگۆڕێت، هیچ کەسێ بەبێ مۆڵەتی خۆت ناتوانێ کاریگەریت لەسەر دابنێت، هیچ کەسێکیش نییە بتوانێ بەبێ مۆڵەتی خۆت وات لێ بکات بەشێوەیەک ڕەفتار بکەیت کە ئەو دەیەوێت، هەر کارتێکەرێکی دەرەکی بگریت، بە مۆڵەتی خۆت دەتوانێ کارت لێ بکات.

**گوێچکەت بێنە بابەچرپە پێت بڵێم...** تۆ مرۆڤێکی سەرکەوتوو و پاڵەوانیت، ئەوەتا (وین دایەر)یش دەڵێت: "تۆ خۆت بۆخۆت هەر لە سەرەتای لەدایک بونتەوە کەسێکی سەرکەوتوو پاڵەوانیت، چونکە سەد تۆو(سپێرم) لەشێوەی دڵۆپەی بچووکدا لە پێشبڕکێیەکی مەلەوانیدا بەوپەڕی توانایانەوە شوێن هێلکەیەک کەوتوون، تۆش بەرهەمی جووتبوونی تەنها یەک تۆی براوەیت لەگەڵ ئەو هێلکەیەدا، کەواتە تۆ براوەی پێشبڕکێیەکیت کە چانسی سەرکەوتن تیایدا یەک بە چەند ملیارد بووە".

# دوژمنی ڕاستەقینەت بناسە!



پێت وایە کێ هۆکاری خۆشی و کامەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەریمانە؟!، ئەی کێ هۆکاری بەدبەختی و نەهامەتی و نەنگیەکانمانە؟!

"شوێن پێی ئەو کەسە کەوتم کە شادی و خۆشی و خەونەکانی منی لەناوبرد، کەچی گەیشتم بەخۆم"!

ڕەنگە لات سەیربێت! کە دەڵێم: گەورەترین و سەرسەخترین دوژمنی تۆ خۆتی!، بەڵێ خۆت!

کاتێک خۆت ناناسی دوژمنی خۆتی، مرۆڤ تا بەباشی خۆی نەناسێت ناتوانێت هیچ کارێک بۆ خۆی بکات، گەورەترین چاکە کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا بیکات ئەوەیە کە هەوڵبدات خۆی بناسێت!

کاتێک خۆتت قبوڵ نییە دوژمنی خۆتی، هەر مرۆڤێک خۆی قبوڵ نەبێت، ڕێز و خۆشەویستیشی بۆ خۆی نابێت، لەمەش خراپتر هەڵدەستێت بە دوژمنایەتی کردنی خۆی، بۆیە خۆتت قبوڵ بێت وەک ئەوەی کەهەیت ناوت، دەنگت، ڕەنگت، شێوە و ڕوخسارت، دایک و باوکت، خانەوادەکەت، نیشتیمانت،...تاد.

کاتێک لەژیاندا ئامانجت نییە دوژمنی خۆتی، ناپلیۆن هیل دەڵێت: بۆ سەرکەوتن تایبەتمەندییەک بوونی هەیە کە پێویستە کەسەکە ئەو تایبەتمەندیەی هەبێت، ئەویش بریتیە لە دیاریکردنی ئامانج، بەواتایەکی دیکە دەبێت ئەو بزانێت کە چی دەوێت و بەهەموو بوونیەوە خوازیاری بەدەست هێنانی ئەو ئامانجەبێت.

لەژیاندا دەستنیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو و ڕوون لەلایەن مرۆڤەوە بەگرنگترین ئەو پاڵنەرانە دادەنرێت کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ کاری بەردەوام و چالاکی تا بەدەستهێنانی، دیاریکردنی ئامانج و مەبەستەکان دەروازەیەکە بۆ بەرچاوڕوونی و هەنگاونان و کۆششکردن، مرۆڤی بێ ئامانج نازانێت چ کارێک ئەنجام بدات و بۆچی و چۆن ئەنجامی بدات، هەر مرۆڤێک ئامانجی نەبێت، بوون و نەبوونی وەک یەک وایە، یەکێک

لە هۆکارە گرنگەکانی بەرزکردنەوەی توانا و کارایی مرۆڤ بریتیە لە بوونی ئامانج لە ژیان، ژیان چ مانایەکی هەیە کە شتێک نەبێت لە پێناویدا بژی؟!

کاتێک ڕێگە بە خۆت دەدەیت نەرێنی بیربکەیتەوە دوژمنی خۆتی، توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بیرکردنەوەی نەرێنی دەبێتە هۆی زیاتر لە ٧٥٪ ی نەخۆشیە ئەندامیەکانی وەک: نەخۆشیەکانی دڵ، سەرئێشە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، قۆڵۆن، شێرپەنجە، ئەمەش جگە لەنەخۆشیە دەروونیەکانی وەک: دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، هەستکردن بەبێزاری و تەنهایی و ترس.

کاتێک کات بەفیڕۆ دەدەیت دوژمنی خۆتی، چونکە کاتەکانت بریتیە لە ژیانت، بەفیرۆدانی کات، واتە بەفیڕۆدانی تەمەن، واتە بەهەدەردانی سامان، کاتێک دەڵێی کات دەکوژم، خەریکی خۆت دەکوژی و خۆت نابود دەکەی!!، ئەی هەقم نییە کە بڵێم: دوژمنی خۆتی؟!.

کاتێک ناخوێنیتەوە دوژمنی خۆتی، چونکە لەتەواوی کەڵک و سوودەکانی خوێندنەوە و کتێب دووریت، کتێب بریتیە لە زەریای زانست و زانیاری، کە ڕۆشنبیری مرۆڤ دەستەبەر دەکات و لە نەزانی و نەفامی ڕزگاری دەکات، کتێب وا دەکات مرۆڤ چوست و چالاک و لێهاتووبێت، وا دەکات مرۆڤ بەبەرچاوڕونیەوە هەنگاو بنێ.

خوێندنەوە خۆراکە بۆ ژیری و ئەقڵی مرۆڤ، خوێندنەوە گەشەپێدان و چالاک کردنی بیر و هۆشە، خوێندنەوە بۆ بەهێزکردنی توانا گیانی و دەروونیەکانە، خوێندنەوە ڕەوشتە، جوانییە، دەوڵەمەندییە، ئارامییە، ئاسوودەیی و بەختەوەرییە.

خوێندنەوە مرۆڤ دەکات بە سەرکردە، بە پێشەنگ، بە چاوساغ، پرسیاریان لە ڤۆڵتێر کرد: ئایا کێ ڕەگەزی مرۆڤ بەڕێوە دەبات؟، لە وەڵامدا وتی: ئەوانە ڕەگەزی مرۆڤایەتی بەڕێوەدەبەن کە دەزانن



بخوێننەوە!!

کاتێک بەرپرسیاریەتی هەڵەکانت لەئەستۆ ناگریت و دان بە هەڵەکانت نانێیت دوژمنی خۆتی، کەسانی نەرێنی کاتێک هەڵەیەک دەکەن، لەبری ئەوەی دان بە هەڵەکەیان بنێن و داوای لێبوردن بکەن، هەڵدەستن بەسەرزەنشتکردن و لۆمەکردنی ئەوانی تر، ئەمەش وا دەکات هەرگیز بەرەو پێش نەچن و هەمیشە لە زەڵکاوی گومڕایی ژیان بەرنەسەر.

کاتێک ڕاوبۆچوونی کەسانی تر بەگرنگتر دەزانی لەڕاوبۆچوونی خۆت دوژمنی خۆتی، تۆ ئەوەنیت کە ئەوان پێناسەت دەکەن، بەڵکو تۆ ئەوەیت

که خۆت هەستی پێدەکەیت.

کاتێک لە دڵتدا لەبری خۆشەویستی و لێبوردن بەرامبەر خەڵک، ڕق و کینە و بوغز و ئیرەییت هەڵگرتووە دوژمنی خۆتی، کاتێک پاک و خاوێن و ڕێکپۆش و بۆن خۆش نیت دوژمنی خۆتی، کاتێک زەردەخەنە ناکەیت دوژمنی خۆتی، کاتێک متمانەت بە خۆت نییە دوژمنی خۆتی، کاتێک باوەڕت بە توانا خودییەکانت نییە دوژمنی خۆتی، کاتێک هەڵسەنگاندنی خودیت لاوازە دوژمنی خۆتی، کاتێک تەنها قسە دەکەیت و کردار ناکەیت دوژمنی خۆتی، کاتێک یارمەتی خێزانەکەت نادەیت دوژمنی خۆتی، کاتێک لوتبەرزی دوژمنی خۆتی، کاتێک هەموو ژیانت تەرخان کردووە بۆ ڕەخنەگرتنی بێ بنەما و باسکردنی خەڵکی بە خراپ و بوهتان هەڵبەستن بۆیان دوژمنی خۆتی، کاتێک نازانی کەی قسەبکەیت و کەی گوێ بگریت دوژمنی خۆتی.

کاتێکیش دووریت لە خوای گەورە دوژمنی گەورە و سەرسەختی خۆتی، چونکە خەریکی خۆت بەرەو سزایەکی سەخت و دۆزەخێکی هەمیشەیی پەلکێش دەکەیت و ژیان تاڵی دەکەیتە خەڵاتی خۆت، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَمَن أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى) طه: ١٢٤

واتە: ئەوەی لەبەرنامە و یادی من ڕوو وەربگێڕێت و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی دوایشدا بەکوێری حەشریان دەکەین.

پێم ناڵێیت کەی دەست هەڵدەگریت لەدوژمنایەتیکردنی خۆت؟، کەی دەرک بە توانا لەبن نەهاتووەکانت دەکەیت؟، بۆ سەرنجی نێو ناخت نادەیت؟، تا کەی بەم شێوەیە دەژیت؟ ئایا ئەم ژیانەی ئێستا تێیدا دەژیت شایستەی تۆیە؟

لەناو ناخی هەر مرۆڤێکدا خوای گەورە خەزێنەیەک توانای لەبن

نەهاتووی داناوە، کەیارمەتی مرۆڤ دەدەن لەگەشەسەندن و پێشکەوتن و گۆڕان، بەڵام زۆربەی خەڵکی سەرنجی ناخی خۆیان نادەن تاکو توانا ڕاستەقینەکانیان بدۆزنەوە، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ) الذاريات: ٢١



# لەوانەوە فێربووم!



- **له منداڵەوه فێربووم...** که هەرگیز کۆڵنەدەم و بێ هیوا نەبم، جا کۆسپ و ڕێگریەکان هەرچەند زۆربن!

منداڵ له یەکەم و دووەم ساڵی تەمەنیدا، بۆ ڕۆیشتن لەسەر پێیەکانی بە دەیان و هەزاران جار هەوڵدەدات، تا بتوانێ فێری ڕاوەستان و ڕێکردن بێت، لەگەڵ ئەمەشدا تووشی زۆر ناڕەحەتی و ئازار دەبێت، ڕەنگه لەگەڵ کەوتنیشیدا بریندار ببێت، بەڵام ئەگەر منداڵ بەهۆی شکسته زۆرەکانی و ئەزیەت و ئازارەکانیەوە واز لەهەوڵدان بێنێت، ئەوا بەدرێژایی ژیانی دەبێت بەگاگۆڵکێ لەسەر ئەژنۆکانی بڕوات، بەڵام هیچ ڕۆژێک نەبووە منداڵێک واز له خەونەکەی بهێنێت و دەست له ئامانجەکەی هەڵبگرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێداگری و کوڵنەدان و بەردەوامی وا دەکات بەئامانجەکەی بگات، باکی بەزۆری شکستەکان نییە، چونکە ئەو متمانەی تەواوی بە خۆی و تواناکانی هەیە.

- **له هاوڕێکەمەوە فێربووم...** ناخۆشیەکان بەشێکی گرنگ و دانەبڕاون له ژیان!

ئەگەر سەیری هێڵکاری دڵ بکەین، شێوەی بەرزی و نزمی زۆری تێدا بەدیدەکەین، ئەم شێوەیە مانای ئەوەیە کەتۆ دەژیت، بەڵام هەر کاتێ شێوەی ئەو بەرزی و نزمیە گۆڕا بۆ هێڵێکی ڕاست مانای ئەوەیە کەتۆ

مردوویت.

ژیانی مرۆڤیش بەهەمان شێوە، ئەگەر نشێوی و ناخۆشی و نزمی نەبن، تۆ ناتوانیت باڵ بگریت و بەرەو بەرزی بفڕیت.

ژیان ئەوکاتە مانادارە کە ناخۆشیەکان بوونیان هەبێت، پێم بڵێ: گەر گریان نەبێت، پێکەنین چ چێژێکی دەبێت؟ گەر نەخۆشی نەبێت، لەش ساغی چ نرخێکی دەبێت؟ گەر دۆڕان و شکست نەبوایە، سەرکەوتن چ مانایەکی دەبوو؟ ئەوەی مانای بەخشیوەتە پێکەنین و لەش ساغی و سەرکەوتن، دژەکانیانن، کە بریتین لە گریان و نەخۆشی و شکست!.

بەڵێ ئەگەر ناخۆشی نەبوایە، ئەسڵەن خۆشی و شادی هیچ مانایەکی نەدەبوو، دڵنیابە خۆشی و بەختەوەری کاتێ بەهای هەیە و لەزەت بەخشە، کە ناخۆشی لەگەڵیدا هاوڕێ بێت، ئەوکات مرۆڤ وێڵ و سەرگەردان دەبێت بۆ گەڕان بەشوێن ئاسوودەیی.

کەواتە چۆن خۆشیەکانی ژیانت قبوڵە، ئاواش ناخۆشیەکانیت قبوڵ بێت و بە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانیان بزانە.



- **لە مامۆستاکەمەوە فێربووم...** من ڕووداوەکان دروست بکەم، نەوەک ڕووداوەکان من دروست بکەن!

ئاو لە پلەی کوڵانی ئاسایی، ئەگەر پەتاتەی تێخەین، کاریگەری و گەرمی ئاوەکە وا لە پەتاتەکە دەکات نەرم بێت، ئەگەریش هێلکەی تێبخەین، بەپێچەوانەوە کاریگەری و گەرمی ئاوەکە وا دەکات هێلکەکە توند و تۆڵتر و بەهێزتر بێت، بەڵام ئەگەر قاوەمان خستە ناویەوە، ئەوا تام و بۆن و ڕەنگی ئاوەکەمان بۆ دەگۆڕێت.

مرۆڤی لاواز وەکو پەتاتەکە وایە لەگەڵ بوونی هەر کێشە و گرفت و ڕووداوێک لەناودەچێت، مرۆڤی بەهێز وەکو هێلکە وایە بەهۆی ناخۆشیەکانەوە توند و تۆڵتر دەبێت، بەهێزتر و خۆڕاگرتر دەبێت، گوتراوە: ئەو گورزەی بەرم دەکەوێت، گەر لەناوم نەبات، ئەوا بەهێزترم دەکات.

مرۆڤی سەرکردە وەکو قاوە وایە ناهێڵێت ڕووداوەکان کاریگەریان لەسەری هەبێت، بەڵکو ئەو خۆی کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان و دەوروبەر جێدەهێڵێت.





# ناوچەی ئارام، یان ناوچەی مەترسی!

منداڵ کاتێ لە سکی دایکیدا دەژی هەست بە ئارامی و سەقامگیری و ئاسوودەیی دەکات، چوون هەموو ئەو هۆکارانەی بۆ فەراهەم کراوە کەپێویستیەتی بۆ ژیان، بەڵام لەگەڵ لەدایک بوونی هەست بە گۆڕانێکی کتوپڕ و لەناکاو دەکات، بۆیە بە گریان بەرهەڵستی ئەو گۆڕانە دەکات، ئەگەریش منداڵ توانا و دەسەڵاتی هەبوایە ئەوا بۆ هەمیشە حەزی دەکرد لە سکی دایکیدا بژیت، بەڵام تەنها دەتوانێت قبوڵی ئەو گۆڕانە بکات و پەیتا پەیتا خۆی لەگەڵیدا ڕابێنێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا منداڵ بۆ بەرهەڵستی ئەو گۆڕانە دەکات؟، خۆ ئەو لە دونیا نوێیەکەیدا زۆر زیاتر لەو شتانەی بۆ دەستەبەر کراوە کە مرۆڤ بۆ خۆشبەختی و کامەرانی پێویستیەتی!

خاڵی گرنگ و شاراوە لەو نموونەیەدا بریتیە لە ناوچەی ئارام بەواتایەکی تر ناوچەی بێوەیی، یان ناوچەی حەسانەوە، ئەو ناوچەیەی کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەکات، ناوچەی ئارام بریتیە لە هەستکردنی مرۆڤ بە حەسانەوە، چونکە تەواوی ئەو هۆکارانەی دەستەبەر کردووە کە مرۆڤ پێویستیەتی و کار بۆ بەدەستهێنانیان دەکات، کاری باش، مووچەی باش، داهاتی باش، خانوو، ئوتۆمبێل، پێکەوەنانی خێزان و خستنەوەی منداڵ.

بەشێوەیەکی گشتی ناوچەی ئارام واتە ڕاوەستان لە خاڵێکی دیاریکراو.

دکتۆر ئیبراهیم فەقێ ئەو ناوچەیە بە ناوچەی مەترسی ناودەبات و دەڵێت: ئەگەر مرۆڤ بە ڕادەیەکی زۆر هەستی بە دڵنیایی کرد، ئەوا هیچ هاندەرێک نابینێ بۆ ئەوەی تواناکانی وەگەڕبخات، ئەسڵەن لەپای چی تواناکانی بخاتەکار؟ بۆچی خۆی هیلاک و ماندوو بکات؟ بۆچی بڕیاری گۆڕان بدات؟ خۆ ئەو بە ڕووکەش ئاسوودە و بەختەوەرە، بەڵام لەڕاستیدا

ئەو جۆرە مرۆڤانە ڕەشبینن و لەڕووی دەروونیەوە نەخۆشن و تەواو داڕوخاون و ژیانیان پڕیەتی لە ڕۆتین.

سروشتی مرۆڤە کە هەردەم لە جوولەدا بێت، بەڵام بە وەستانی لەخاڵێکدا تووشی چەندەها نەخۆشی دەروونی دەبێت وەک خەمۆکی بوون و هەستکردن بەبێزاری و تەنهایی و ترس.

دەبێت دەرک بەو ڕاستیە بکەین کە گۆڕانکاری سەرەتای گەشەکردن و



پێشکەوتنە، بەبێ گۆڕانکاری هیچ کەس و هیچ میللەتێک پێشناکەوێت، بەڵام ئێمە هەمیشە و بەردەوام بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکەین و ڕووبەڕووی هەر جۆرە گۆڕانێک دەبینەوە کە بیەوێت بێتە ناو ژیانمان، بەو پێیەش ئێمە وەکو ئاوێکی پەنگ خواردوومان لێدێت، کە ماوەیەک دوای مانەوەی بۆگەن دەبێت و بە کەڵکی بەکاربردن نایەت!!.

چەندەها کەس هەن پەی بەوە دەبەن کە توانایەکی نایابیان هەیە بۆ ئەوەی کۆمپانیایەکی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە، بەڵام لە گۆڕانکاری و زیانکردن دەترسن، یان کەسێک دەتوانێت پیشەکەی خۆی بگۆڕێت و لە پیشەیەکی تردا کاربکات، کەتێیدا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت، بەڵام ترسی لەگۆڕان و نادیار هەیە، ئایا دەتوانیت هەرچی هەتە لە پارە و سامان لەپرۆژەیەکی تایبەت بەخۆت بەکاری بێنیت؟ ئەگەر گرێبەستێکی کارکردنت لە دەرەوەی وڵات پێگەیشت، ئایا بۆ کارکردن ئامادەی بچیتە دەرەوە؟ یاخود ئامادەی بۆ خوێندن بچیتە دەرەوەی وڵات؟

دوورکەوتنەوە لە ناوچەی ئارام و نەوەستان لە خاڵێک، بەوە دەکرێت مرۆڤ خەون و ئامانج و مەبەستی گەورەی هەبێت، بەڵێ دەبێت لە ژیاندا پەیامت هەبێت، تا بەدرایژایی تەمەنت بێ پسانەوە کاربکەی لەپێناو ئەو پەیامەی کە هەڵتگرتووە، ئامانج و ئارەزووەکان بریتین لە سوتەمەنی ژیانی مرۆڤ، ئەمەش تا کاتێ بەردەوام دەبێت کە مەبەست و پەیامی گەورە لە پشت ئامانجەکانمانەوە بێت.

هەر ئێستا و بێ دواخستن بەڵێن بەخۆت بدە کە لە ناوچەی ئارام بێیتە دەرەوە و لەو خاڵەی تێیدا دەژیت هەنگاو هەڵگریت بەرەو گۆڕانێکی گەورە و مێژوویی لەژیانت تاکو ژیانت پڕبێت لە هەستی جوان، لە خۆشەویستی، لە لێبوردن، لە بەختەوەری و ئاسوودەیی ڕاستەقینە، تاکو ببیت بە هاوڕێیەکی باش و وەفادار بۆ خۆت و بۆ ئەوانی تر.


ئەوەی ڕابردووی نەبێت،
داهاتووشی نابێت!

هەر یەکێک لە ئێمە خاوەنی ڕابردوویەکی تایبەت بە خۆمانین، ڕابردوویەک کەوەک دوو ڕووی یەک دراو وایە، ڕوویێکیان بریتیە لە هەموو ئەو خۆشی و شادیانەی کە بینیومانە و بەهۆیانەوە ئاسوودە و ئارام ژیاوین، ڕووەکەی تریان بەپێچەوانەوە تەواوی ناخۆشی و کێشە و ئالۆزییەکان دەگرێتەخۆ، کە وایان کردووە تاڵی ژیانمان پێ نۆشن بکەن، ڕابردوو بەهەموو ئەوانەوە گرنگی و سوودی خۆی هەیە بۆ مرۆڤەکان.

ئەمەش پەیوەستە بە شێوازی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، ئەگەر مرۆڤ بە نەرێنی بیر لەڕابردووی بکاتەوە، بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەر خاوەنەکەی دروست دەکات، ڕەنگە بەهۆیەوە ژیان بکاتە زنجیرەیەک لە نەرێنی، داهاتووش بەشێک دەبێت لەو زنجیرەیە، بەڵام ئەگەر ڕوانینی مرۆڤ ئەرێنی بوو ئەوا مرۆڤەکە ئەرێنی دەبێت و کەسێکی تۆکمە و بەهێز بۆ ئایندە فەراهەم دێت، ڕاست وتراوە: (بیرکردنەوە خزمەتکاری عەقڵە)، بەڵام چ بیرکردنەوەیەک؟!، بێگومان بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی، کە مرۆڤ بەرەو کامەرانی و ئاسوودەیی ببات.

هەرگیز نابێت بەهۆی بیرکردنەوە لە ڕووداوێکی خراپی ڕابردووەوە، ئێستا و داهاتوو لە خۆمان شلۆق بکەین، یان ئاوڕدانەوەمان لە ڕابردوو ببێتە مایەی غەمباری و دڵتەنگیمان، بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە ئەزموون وەربگرین و کاربکەین بۆ دووبارە ڕوونەدانی ئەو هەڵانەی کە ئەنجامامان داوە، هیچ مرۆڤێک نییە لە ژیانیدا دووچاری نارەحەتی و ئازار نەبووبێت، گشتمان لەمەیاندا هاوبەشین، بەڵام مرۆڤی ژیر

وەک بەکارهێنانی دەستی ڕاست و چەپی سوود لە هەردوو لایەنی ژیانی وەردەگرێت و بەهۆیانەوە پلان بۆ داهاتوو دادەڕێژێت، بەمەش مرۆڤێکی چاک و چالاک و لێهاتوو دێتە بەرهەم، مرۆڤێک کە ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەلومەرجێک کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

وریابە!! ئەمڕۆت دەبێتە ڕابردوو بۆ سبەینێ، سبەینێش ڕابردووی دووسبەیە، بەم شێوەیە بەردەوام لە تۆمارکردنی ڕابردووی تازەداین، بۆیە پێویستە هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکەین و لە ژیانمان



کارگەلێک ئەنجام بدەین، کە بەهۆیانەوە تۆماری تازەی ڕابردوومان پڕ بێت لەخۆشی و شادی، لە زەردەخەنە، لە خۆشەویستی، لە سەرکەوتن، لە ئاسوودەیی و بەختەوەری، با بەئامادەگیەوە هەنگاو بەرەو داهاتوو هەڵنێین، با کوێرانە نەژین، با ئامانجداربین و بە پلانەوە کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان بکەین.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بازێکی گەورە بدات، پێویستی بە چەند هەنگاوێک گەڕانەوە هەیە، بۆیە مەترسە لە گەڕانەوەت بۆ هەڵدانەوەی پەڕەکانی ڕابردوو، مەترسە لە وەبیرهێنانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو هەرچەندە سەختیش بن، چونکە یارمەتیت دەدەن تا داهاتوویەکی گەش و ڕووناک بنیات بنێیت، کەواتە سوود لە ڕابردوو وەربگرە، پەند و ئامۆژگاری و ئەزموون لە وانەکانی ڕابردوو فێربە، نابێت هەڵەیەک کە لە ڕابردوو ئەنجاممان داوە لە ئێستادا دووبارەی بکەینەوە، چونکە ئەمە ئەوپەڕی نەفامی و نەزانییە.

لە وڵاتی یابان لە بەردەم مۆزەخانەی هێرۆشیما وتەیەک نووسراوە کە بەشێکی بریتیە لە: "مرۆڤ پێویستە ڕابردووی لە بیر بێت، تا بتوانێت پەیمان بە خۆی بدات بەداهاتوویەکی باشتر".

پێچەوانەی ئەمەش زۆرجار بانگەشە بۆ ئەوە دەکرێت و دەگوترێت: "پێویستە مرۆڤ ڕابردووی خۆی لەبیر بکات" چوون ڕابردوو دەبێتەمایەی ئەزیەت و ئازار بۆ مرۆڤ، ڕابردوو جگە لە غەم و پەژارە هیچی تری بۆ مرۆڤ پێ نییە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە بەڵکو ڕابردوو زۆر ڕاز و نهێنی گەورەی لە خۆی حەشارداوە، تەنها کەسە ئەرێنی و سەرکەوتووەکان

دەرک بەگرنگی ڕابردوو دەکەن.

بەڵام ئەوانەی ڕابردوویان بیر نەماوە دەبێت بێن جارێکی تر دووبارەی بکەنەوە، ئەو عەقڵیەتەی ئێستا هەتە، بەچاک و خراپیەوە زادەی ڕابردووە، گوتراوە: ئەو عەقڵەی ئێستا هەمە، دوێنێ هەم بوایە ئەوەی کردم هەرگیز نەمدەکرد، بەڵام دوێنێ ئەوەم نەکردایە، ئەو عەقڵەی ئێستام نەدەبوو!!.

ئەگەر لەناو ئۆتۆمبێل لە شوێنی شۆفێر دابنیشین، جامێکی گەورە لە بەردەمماندا دەبینین کە دەتوانین بەهۆیەوە بەباشی بۆ پێشەوە بڕوانین، لەگەڵ ئەمەشدا سێ ئاوێنەی بچووکی جیا دەبینین کە دەکەونە ناوەڕاست و لای ڕاست و چەپی ئۆتۆمبێلەکە، ئەمانەش بۆ ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەربن تا دواوەی خۆمان ببینین.

باشە، ئەگەر ئێمە تەنها سەیری جامەکەی پێشەوە بکەین، چی ڕوودەدات؟ بێگومان ئاگامان لە دواوە نامێنێت، بەو هۆیەشەوە ڕەنگە پێکدادان ڕووبدات!!

ئەی ئەگەر تەنها سەیری ئاوێنە بچووکەکان بکەین کە بۆ دواوە دەڕوانێت، ئەو کات چی دەبێت؟ ئەوکات ناتوانین بۆ تەنها خولەکێکیش ڕێبکەین!!.

کەواتە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە مرۆڤ هاوسەنگی ڕابگرێت لەنێوان جامەکە و ئاوێنەکان، دەبێت زۆرترین کات بە جامە گەورەکە ببەخشین بۆ ئەوەی سەیری پێشەوەی خۆمان بکەین، هەروەها ناوبەناویش

سەیری ئاوێنەکانی تر بکەین تا لەدواوەی خۆمان بێ ئاگا نەبین.

ئەم نمونەیە ڕێک وەکو ژیانی مرۆڤە جامە گەورەکە داهاتووە، پێویستە مرۆڤ زۆرترین کات بیر و هۆش و تەرکیزی لەسەربێت، ئاوێنە بچووکەکانیش ڕابردووی مرۆڤن، کە نابێت فەرامۆش بکرێن و بخرێنە لاوە.





# ئایا هەموو کەسێکی ئامانجدار، سەرکەوتووە؟!



من دەمەوێت ببمە مامۆستا، ئەندازیار، پزیشک، بەڕێوەبەر، دەمەوێت ببمە ڕاهێنەری گەشەپێدانی مرۆیی، دەمەوێت دەوڵەمەندبم، دەمەوێت هاوسەرگیری بکەم، دەمەوێت ببمە سەرۆکی وڵات، دەمەوێت ببمە خاوەنی کۆمپانیا، دەمەوێت حەج و عومرە بکەم، دەمەوێت داهێنان بکەم،... لە کۆتایشدا دەمەوێت بە دیداری خوا بگەم.

هەموو ئەمانە دەخەینە سەر ڕووی لەوحەیەک و ناویان دەنێین ئامانج!!.

ئامانج ئەو شتەیە کە لە بەردەستدا نییە و مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ گەیشتن پێی، ئامانج شوێنکەوتنی بەردەوامی مەبەستێکی گرنگ و دیاریکراوە تا بەدیهێنانی، ئامانجداربوون واتە سەلامەت بوون، دڵخۆش بوون، سازگاربوون، سەرفرازبوون و ئاسوودە بوون.



زۆرن ئەوانەی لە ژیاندا ئامانجدارن، زۆرن ئەوانەی هیوا و خۆزگە دەخوازن، زۆرن ئەوانەی بە خەونی جوانەوە دەژین، بەڵام ئایا هەموو مرۆڤەکان دەگەن بەو شتەی کە حەزی پێدەکەن و مەبەستیانە؟!، بەواتایەکی تر ئایا هەموو کەسێکی ئامانجدار سەرکەوتووە؟!

لەو بڕوایەدام هەندێ هۆکار و بەربەست هەن کە ڕێگرن لەبەردەم مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی،

بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو هۆکار و بەربەستانە دابەش دەبن بەسەر دوو بەشی سەرەکی ئەوانیش:

**یەکەم/ بەربەستە ناوەکیەکان:** بەربەستە ناوەکیەکان لە گەورەترین ئەو کێشانەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە گرنگترین هۆکارەکانی ناخۆشی و نەخۆشی و خەمۆکیە کە مرۆڤ هەستی پێ بکات، بەترسناکترینی ئەو هۆکارانە دادەنرێت کە ڕێگری سەرەکین لە گەورەبوون و بەرەو پێشچوونی مرۆڤ، کێشەگەلێکن کە مرۆڤ خۆی هۆکاری ئافراندیەتی، واتە کێشەکان لە جیهانی دەرەوە ڕوونادەن، بەڵکو لە ناخ و ئاوەز و خودی مرۆڤەکە خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، ترسناکترین ئەو کارتێکەرانەش بریتیە لە خۆپەسەندنەکردن، متمانەبەخۆنەبوون، خۆشنەویستنی خود، ترس لە شکست، بێ ئومێدبوون، هەڵسەنگاندنی لاواز، شەرم، باوەڕنەبوون بە توانا خودیەکان، نەبوونی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا...تاد.

ئامانجە نەنووسراوەکان کە بە بەشێک لە بەربەستە ناوەکیەکان ئەژمار دەکرێت، بە سەرەکیترین هۆکار دادەنرێت بۆ پەرش و بڵاوبوون و ونبوونی ئامانجەکان، ئامانجە نەنووسراوەکان واتە کەمتەرخەمی مرۆڤ لە نووسینی ئامانجەکانی لەسەر کاغەز، بۆیە لەو بارەوە برایان تریسی دەڵێ:



ئەگەر هەر ئامانجێک نەخرایە سەرکاغەز، ئەوە تەنها ئارەزوویەکە و بەس، ئەم جۆرە ئامانجانە هیچ جۆرە وزەیەک لە پشتیانەوە بەدیناکرێ بۆ گەیشتن پێیان، ئامانجە نەنووسراوەکان بەسەرلێشێواوی، گومڕایی، نادیاری، هەروەها بەهەڵەگەلێکی زۆر کۆتاییان دێت.

کاتێک مرۆڤ ئامانجەکانی دەنووسێتەوە و بە بەردەوامی سەیریان دەکات، ئەوا لەهەر جارێکی سەیرکردنی مرۆڤ دەبێتە خاوەنی پاڵنەرێکی مەزن کە کەمەندکێشی دەکات بەرەو لای ئامانجەکانی، تۆ مەبە بەشێک لەو سەدا نەوەد و حەوتەی بێ ئامانج و بێ بەرنامە ژیان دەگوزەرێنن، بەڵکو تۆ تایبەتمەندبە، جیاوازبە و ببە بەو لە سەدا سێیەی کە خاوەنی ئامانجی ڕوون و ئاشکران و ئامانجەکانیان دەخەنە سەر کاغەز، هەر ئەو بەشە کەمەشن کە سەرکەوتوون و سەرکردایەتی هەموو جیهان دەکەن!



کاتێک دەڵێیت دەمەوێت بڕوانامەی ماستەر لە زانستەکانی کۆمپیوتەر بەدەست بێنم؟! وەرە لەسەر کاغەز بینووسە و ئەم چەند پرسیارەش لەخۆت بکە:

ئێستا من لە کوێم؟ واتە لە چ پلەیەکی خوێندن دام؟ بۆچی دەمەوێت ئەوە بەدەست بێنم؟ کەی دەمەوێت بەدەستی بێنم؟ چۆن دەتوانم بەدەستی بێنم؟ کامەیە ئەو ڕێگریانە کە لەوانەیە بێنە ڕێگەم و ئاستەنگم بۆ دروست بکەن؟ ئەی چۆن دەتوانم کۆنترۆڵی ڕێگریەکان بکەم؟ ئەی دوای ئەوەی بەدەستم هێنا چی بکەم؟!

بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەگەیتە پلانی ستراتیژیت بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکەت، مرۆڤ نابێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و هەر لەخۆوە هەنگاو بەرەو ئامانجەکانی هەڵگرێت، بەڵکو گەر دەیەوێت ئامانجەکانی بپێکێت پێویستە خاوەنی نەخشە و پلانی تۆکمە بێت، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لەقەڵەم و کاغەز دەکرێت!

**دووەم/ بەربەستە دەرەکیەکان:** یەکێک لە دیارترین بەربەستی دەرەکی کە ڕێگرە لەبەردەم مرۆڤ بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی دەوروبەر و کۆمەڵگەیە!! کە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان پەکت بخەن و پاشگەزت بکەنەوە لە بەدەمەوە چوونت بەرەو ئاوات و خەونەکانت، جا ئەو مرۆڤانەی کە هەڵدەستن بەئەنجامدانی ئەم کارە، یان لەنەزانی خۆیانەوەیە وەکو ئەو هاوڕێیانەی کە لای خۆیان دڵسۆزی تۆن، بۆیە نایانەوێت خۆت لەقەرە و بەرەی کاری سەخت و دژوار بدەیت! یان ئەوەی کە کەسانێک هەن دەیانەوێت ژێرت بخەن، بۆیە هەڵدەستن بە دژایەتی کردنت.

وین دایر دەڵێت: ئێمە ناچارنین بەوەی کە خۆمان بخەینە ژێر کاریگەری هەر وزەیەک کە لە دەرەوەی ئێمەدایە، چوون ئەو توانا و ژیرییە خواییەی کە لە دڵ و هۆش و ناخماندا لانەی کردووە، هەموو ئەو شتانەمان بۆ دەستەبەر دەکات کە بۆ شادی و خۆشبەختی ژیان پێویستمانە.

ئەگەر بەهۆی قسە و لۆمە و سەرزەنشتی کەسانی ترەوە دەست لە ئامانجەکانت هەڵگریت، وەک ئەوە وایە کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێیان بڵێیت: بۆ من بیروبۆچوونی ئێوە سەبارەت بە ژیان لەبیروبۆچوونی خۆم گرنگترە، من بۆ ڕەزامەندی ئێوە هەوڵدەدەم ئەوە ئەنجام بدەم کە لەدەستم دێت.

منداڵێک کە تاکە پێڵاوەکانی شەپۆلی دەریا لێی سەندبوو، لەسەر کەناری

دەریا نووسی: دەریا ئەوەیە کە پێڵاوەکانی منی دزی!! پیاوێک کە ماسی لەدەریا گرتبوو، لەسەر لمی دەریا نووسی: دەریا بەخشندەترین سفرە و خوانی بوونەوەرە!! شەپۆلێک هات و ڕستەکانی ڕۆخی دەریای سڕیەوە و تەنها ئەم پەیامەی جێهێشت: بۆچوونی کەسانی تر لە بارەی خۆتەوە لە پانتایی و فراوانی خۆتدا ون بکە تا ببیت بە دەریا!!

هەروەک چۆن هۆکار و کارتێکەری نەرێنی وا لە مرۆڤ دەکەن بەئامانجەکانی نەگات، بەهەمان شێوە هەندێ ئامراز و پاڵنەر هەن کە مرۆڤ نزیک دەخەنەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، لەوانە هەوڵدان، پێداگری، بەردەوامی، پابەندبوون، کۆڵنەدان، ئارامگری، ئەمانەش هاوتا لەگەڵ بەرنامەڕێژییەکی پوخت.

گرنگترین و بەهێزترین خاڵ بەر لە هەر شتێک ئەوەیە کە تۆ دەبێت عاشقی ئامانجەکانت بیت! تۆ دەبێت هۆگری ئامانجەکانت بیت! چوون بەو هۆیەوە تەواوی بەربەست و ڕێگریەکان چۆک دادەدەن! بۆیە هەمیشە عاشقانە، شەیدایانە، ڕووەو ئامانجەکانت بڕۆ!

یەکێکی تر لە ئامرازە گرنگەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج پلاندانانە، پلاندانان کرداری بڕیاردانە بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەی داهاتوو، بەهۆی پلانەوە ئامانجێکی ڕوونمان دەبێت، کێشەکانی داهاتوومان دەزانین کە ڕێگرن لەبەردەم گەیشتن بە ئامانج، کاتی دەستپێک و کاتی کۆتایمان دەزانین، پلاندانان یارمەتیمان دەدات لە چاودێریکردنی کارەکانمان.

هەروەها دەبێت دەرک بەو ڕاستیە بکەین بۆ گەیشتنە ئامانج پێویست دەکات چەندین جار هەوڵبدەین، ڕەنگە بە جارێک و دوو و دە سەرکەوتوو نەبین، بۆیە لەگەڵ هەر حاڵ و بارێکدا دەبێت بەردەوام بین، چوون گەر بڕیار بێت لە هەنگاوی یەکەم سەرکەوتن بەدەست بێنین، ئەوا هەوڵ و

کۆشش هیچ مانایەکی نەدەبوو، لەهەر جارێکی سەرنەکەوتنت، هەمان ڕێگەی جاری پێشوو دووبارە مەکەوە بۆ گەیشتن بەوەی دەتەوێت پێی بگەیت، بەڵکو پێویستە ڕێگە و ڕێچکەی نوێ بگریتەبەر، ڕێگایەک کەپێشتر پێیدا نەڕۆشتوویت! لەو بارەیەوە غاندی دەڵێت: "بۆ گەیشتن بەو جێگایەی کە تا ئێستا پێی نەگەیشتویت، دەبێت ڕێگایەک بگریتەبەر کە تا ئێستا پێیدا نەڕۆشتوویت".

تۆماس ئەدیسۆن خاوەنی دروستکەری گڵۆپی کارەبایی لە مێژوودا، لێیان پرسی: بۆچی ٩٩٩٩ جار تووشی شکست بوویت؟ لە وەڵامدا وتی: من شکستم نەهێناوە، بەڵکو ٩٩٩٩ ڕێگەی سەرنەکەوتووم دۆزیوەتەوە، کە ئەو ڕێگا سەرنەکەوتووانە بوونە هۆی ئەوەی بگەمە گڵۆپی کارەبایی.

ئەگەر ئێستا بپرسین ئایا ئەدیسۆن چۆن گەیشتە خەونەکەی؟! پێت وایە بەدیهێنانی خەونێکی لەم جۆرە کارێکی هەروا ئاسانە؟!

ئەدیسۆن کاتێک دە هەزار جار هەوڵیدا بۆ دۆزینەوەی گڵۆپ کەسێکی لۆمە و سەرزەنشت نەکرد، سەرەڕای ئەو گاڵتانەی ڕووبەڕووی دەکرایەوە و سەرەڕای لەکیسچوونی سامانەکەی وازی لە بیرۆکەکەی نەهێنا، بەڵکو بەرپرسیاریەتیەکی تەواوی وەرگرت و بەردەوام بوو لەڕێگاکەیدا هەتا خەونەکەی کردە ڕاستەقینە.

ئەدیسۆن بڕوای تەواوی بە خۆی و بە تواناکانی هەبوو، سەرزەنشت و لۆمە و قسەی خەڵکی کردە پەیژەیەک بۆ سەرکەوتن، هەروەها قوربانیدا لەپێناو ئەوەی کە بەدەستیهێنا، شکست و دۆڕان و وازهێنان لەفەرهەنگی ئەودا بوونی نەبوو، هەر ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی ئەدیسۆن بگاتە سەرکەوتنێکی گەورە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا!!





# ترس،
# هۆكارێكە بۆ سەركەوتن!

بەربەستە ناوەکییەکان لە گەورەترین ئەو کێشانەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یەکێکیش لە دیارترین ئەو بەربەستانە ترسە، بۆیە ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوەت لا نامۆبێت!، ڕەنگە بڵێی چۆن دەکرێت ترس ببێتە مایەی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونمان؟!، ئاخر ترس سەرچاوەی بەدبەختی و نەهامەتی و شکستی مرۆڤەکانە!

ڕاستە چوون تا ئەو دەمەش کە باس لە ترس دەکرێت، بە هۆکاری شکست و دواکەوتن ناوزەد دەکرێت، بە دوژمنی مرۆڤ دەناسرێت، دەی کەوابوو مرۆڤ ڕقی لەناوهێنانی وشەکەش دەبێتەوە، چ جای ئەوەی ترس بە هۆکاری سەرکەوتن بزانێت!

ترس حاڵەتێکی دەروونی سروشتیە و لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەڵام بەپێی جۆر و ڕێژەکەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە، کەواتە ژیان کردن بەبێ ترس مەحاڵە و ناکرێت، چوون بەهۆیەوە مرۆڤ تواناکانی کەم دەبێتەوە، بەڕادەیەک کە لە جوڵەی دەخات، هەموو مرۆڤێک تاڕادەیەکی کەم ترس لە ناخیدا هەیە ئەمەش بۆ برەودانێتی بە ژیان، چونکە بەبێ ترسێکی کەم مرۆڤ ناتوانێت هەنگاوبنێ، بەڵام پێویستە مرۆڤەکان، بەتایبەتی شەیدایانی سەرکەوتن ئەوە بزانن کە جۆرێکی ترس بوونی هەیە، کە دۆستی مرۆڤەکانە و لە بەرژەوەندیان کاردەکات، لەم گوتارەدا ئاشنای جۆرێکی جیاوازی ترس دەبیت کە ئەویش بریتیە لە ترسی سەرکەوتن!

بۆ نموونە قوتابیەک ترسی کەوتن و مانەوەی لە تاقیکردنەوەکانی هەیە، گەر ئەم جۆرە ترسە بووە هۆی ئەوەی قوتابیەکە زێتر هەوڵ بدات و گرنگی و کاتی زیاتر بەوانەکانی بدات، هەروەها وای لێبکات وریاتر و ژیرانەتر و

وردبینتر مامەڵە بکات و ئامادەگی باشتر بۆ تاقیکردنەوەکانی بکات، ئەوا ئەو جۆرە ترسە ترسی سەرکەوتنە، ترسی برەودان و بەرەوپێشچوونە، ترسێکە لە سوودی مرۆڤ کاردەکات و خزمەت بە مرۆڤ دەکات. ئەم جۆرە ترسە بۆ مرۆڤ وەکو سووتەمەنی وایە، هەندێ لە مرۆڤەکان گەر ئەو جۆری ترسەیان تێدا نەبێت، ناتوانن هیچ کارێک ئەنجام بدەن، بۆیە ئەو جۆرە ترسەم ناوناوە ترسی سەرکەوتن! چوون پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن.

کاتێ ویستوومە بڕیارێکی گەورە و چارەنووسساز بدەم، هەمیشە ترساوم و ترس دایگرتووم، چوون بە خۆمم وتووە ئاخۆ دەبێت بڕیارەکەم ڕاست و دروست بێت؟ یان بەهۆی بڕیارەکەمەوە خۆم و دەوروبەرم دەخەمە ناو قەیران و تەنگەژەی کێشەکانەوە؟ ئەو ترسە بۆتە یارمەتیدەرم لە دەرکردنی دروستی بڕیارەکەم، چوون بۆتە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر کات بە خۆم بدەم و وردتر بیربکەمەوە و پەلە نەکەم و گشت لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بڕیارەکەم بزانم، دوای شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ئینجا بڕیار بدەم!

کاتێ لە ژیاندا خەریکی ئامادەکردنی پڕۆژەیەکی گەورەین، لەو کاتەدا هەست بە جۆرێک ترس دەکەین، ترسی ئەوەی کە ئایا دەبێت سەرکەوتن بەدەست بێنین، یان ئەوەی ڕووبەڕووی شکستێکی مەزن دەبینەوە؟

ئەگەر ئەو ترسە مرۆڤ وا لێبکات ئامادەگی بۆ خراپترین گریمانە بکات و ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر و پلانی تۆکمە دابنێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەل و مەرجە سەخت و دژوارەکان، ئەوا دیارە ترسێکە لە بەرژەوەندی مرۆڤ کاردەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ترس بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە بەدەمەوەچوونی پڕۆژەکەی پەشیمان بکاتەوە، ئەوا ترسی شکستە،

ترس لە شکست هەر سەرەتا شکست دەکاتە دیاری مرۆڤ پێش دەست بەکاربوونی!!

کەواتە هەر ترسێ بوویە مایەی هەوڵی زیاتر، گرنگیدانی زیاتر، تەرخانکردنی کاتی زیاتر، زێتر هەستیاربوون و وردبینتر، ئەوە بزانە ترسی سەرکەوتنە!

بەڵام گەر ڕادەی ترس لە مرۆڤدا گەیشتە ئاستێک کە لە هەوڵدان و هەنگاونانی خست و وای لێکرد دەست لە ئامانج و خەونەکانی هەڵبگرێت، ئەوا ئەو جۆرە ترسە خراپترین جۆری ترسە کە بەرۆکی مرۆڤ بگرێت، هەرکاتێ ترس گەییە ئەو ڕادەیە ئەوا مەترسی زۆر گەورە لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەکات، بە جۆرێک ڕەنگە ببێتە هۆکاری لەدەستچوونی دۆستان و ئازیزان و خۆشەویستان، بەواتایەکی تر دەکرێت ترس ببێتە ڕفێنەری ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن، وەکو دکتۆر ئیبراهیم فەقێ دەڵێ: "دەگونجێ ئەوە لە دەست بدەیت، کە دەترسیت لەدەستی بدەیت".

ئەوکاتە ترس بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت، کە ڕادەی ترسەکە بەرز بێت، وەلێ ئەگەر ڕادەی ترس کەمتر بێت، توانای مرۆڤ زیاتر دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەریدا، بەمەش مرۆڤ وا دەکات کە ترس لە بەرژەوەندی کاربکات نەوەک لە دژی.

کەواتە دەکرێت ترس ببێتە هۆکاری سەرکەوتن و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ، بەو مەرجەی ڕادەی ترس کەم بێت و ترسێکی سروشتی بێت، هەروەها دەشکرێت ببێتە مایەی تیاچوون و سەرەوژێرکردنی ژیانی مرۆڤ، گەر هاتوو مرۆڤ بووە دیلی ترسەکانی!.



# چۆن خۆشحاڵ دەبین؟!

چەند ساڵێک لەمەوبەر تەلەفزیۆنی BBC بەرنامەیەکی لە ژێر ناونیشانی (چۆن خۆشحاڵ دەبین) پەخش کرد، لەم بەرنامەیەدا دکتۆر ( ڕۆبێرت هۆڵدن ) سی کەسی هەڵبژارد کە خەمۆکیان هەبوو، ئەو دەیوست بزانێت ئایا دەتوانێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو کەسانە خۆشحاڵ بکات؟!

لەم بەرنامە تەلەفزیۆنیەدا هۆڵدن داوای لە بەشداربووان کرد ڕۆژانە سێ کار ئەنجام بدەن:

١ – ڕاهێنانی جەستەیی (ئەنجامدانی وەرزش).

٢ – نزیکەی بیست خولەک لە ڕۆژێکدا پێبکەنە.

٣ – خۆت وا لێبکە بەردەوام بیروبۆچوونی باشت هەبێت.

دوای مانگێک دەرئەنجامەکە زۆر سەیر بوو بەشێوەیەک زاناکان تووشی شۆک بوون! هەر سی بەشداربوو زۆر بەباشی لەحاڵەتی خەمۆکی ڕزگاریان بووبوو وەکو مرۆڤێکی زۆر گەشبینیان لێهات بوو.

ئێوەش... خۆتان خۆشبوێت و ڕۆژانە هەڵسن بە ئەنجامدانی ئەم کارانە، دەسگرتن بەم کارانەوە ئەنجامی سەرسوڕهێنەر دروست دەکات بەجۆرێک کە خۆشمان پێشبینیان ناکەین، مرۆڤ بە ئەنجامدانی ئەم کارانەوە نەک هەر لە خەمۆکی ڕزگاری دەبێت، بەڵکو لەتەمبەڵی، بێ هێزی، ڕەشبینیش دوور دەکەوێتەوە.



# با منداڵانە بژین!

" منداڵەکان یاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن، بەڵام گەورەکان یاری بە یەکتر دەکەن"!

ئەگەر ژیان کردن بە وێنەی منداڵ نەزانییە، نەفامییە، بچووکییە، با من نەزان بم، نەفام بم، بچووک بم، دەبێت هەموو گەورەکان بزانن من دەمەوێت منداڵانە بژیم!

ڕۆژگارێک کە تێپەڕی، تەواوی ژیانم داوی جاڵجاڵۆکە تەنی بووی، ژیانێکی بێ مانا، ژیانێک خاڵی لە جوانیەکان، منێکی نامیهرەبانی هەمیشە تووڕە، منێک کە هیچم دەربارەی خۆشەویستی، سۆزی نەرم، دڵسۆزی، هەستی ناسک نەدەزانی، نەمدەزانی ئارامگرتن یانی چی؟ گشت ژیانم ڕۆتین بوو!

وەلێ لە دایکبوونی کۆرپەیەکی چاوگەش، بووە هۆی لەدایکبوونەوەی من، بەهۆی منداڵێک زیندەگیم گۆڕا، بیرکردنەوەم گۆڕا، ڕەفتارم گۆڕا، ژیانم بوو بە ژیان، بەڵێ منداڵێک بۆم بووە سەرچاوەی بەخشینی ئیلهام!!.

ئاخر جیهانی منداڵ جیهانێکی ئەفسوناوییە، ژیانێکی ناوازە و نایابە، دونیایەکی ڕازاوەیە بە جوانیەکان، پاک و بێگەرد، پڕە لە ڕاستگۆیی و ئەمن و ئەمان، دونیایەکە خۆشەویستیکردن تێیدا ڕاستەقینەیە، پەیوەندیەکان بۆ مەرام و بەرژەوەندی کەسی نەبەستراون، مرۆڤەکانی نێو ئەم دونیایە دڵیان گەورە، ناخیان سپی، ڕۆحیان گوشاد.

جیهانی منداڵ خاڵیە لە فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی و خەڵەتاندن، خاڵیە لە بوغز و رق و کینە و حەسادەت، خاڵیە لە تۆمەتبارکردنی یەکتر، خاڵیە لەهەموو پیسیەک! ئەوان خاوەنی دڵێکن کە ئالوودە نەبووە بە میکرۆب و نەخۆشیە دەروونیەکان!

دەڵێم: "خۆزگە گەورەکان فێردەبن منداڵانە بژین، منداڵانە پێبکەنن، منداڵانە بگرین، منداڵانە یاری بکەن، منداڵانە شەڕکەن، منداڵانە هەڵسوکەوت و مامەڵە لە تەک یەکتردا بکەن، منداڵانە بەوپەڕی سادەیی و لەخۆبردووییەوە بژین"!

مامۆستا عادل شێخانی لە وتاری (دەمەوێت



هەمیشە مندالٌبم)دا دەلٌیت: "هەرگیز وەکو گەورەکان تەماشا ناکەم، تا کەس لە نیگام نەترسیَ!! هەرگیز وەکو گەورەکان نادویَم، تا دلٌی کەس بریندار نەکەم، کەس لە خۆم نەتۆریَنم! هەرگیز وەکو گەورەکان تورِەنابم، چونکە ئەوان کە تورِە دەبن، نازانن دەلٌیَن چی، هەموو سنوورەکان دەبەزیَنن، بۆ سەرکەوتنی خودی خۆیان هەموو شتیَ دەکەن، هەموو بەهاکانیان دەخەنە ژیَر پیَلاٌوەکانیانەوە، هەموو شتە گرنگەکان لەدەست دەدەن"!.

کەواتە ئەزیزم گەر دەتەویَت ژیانیَکی راستەقینە بژی! دەبیَت مندالاٌنە بژیت! دەبیَت خاوەن دلٌیَکی مندالاٌنە بیت! دەبیَت لەوانەوە فیَربیت، بەلٌیَ کاتیَک دەلٌیَم: با مندالاٌنە بژین! هەر لەبەر ئەوەیە "کە بتوانین مرۆڤانە بژین"!.

ئەم نامەیەی بەردەستت، نامەیەکی تایبەتە بۆ کەسانیَکی تایبەتمەند نووسراوە، کەسانیَک کە حەز و خولیای گۆڕان گڕی تیَبەرداون،

# نامەیەکی تایبەت!



کەسانێک کە ئارەزووی کڵپەسەندوو لە ناخیاندا هێلانەی کردووە بۆ گۆڕینی خۆیان و دەوروبەریان، کەسانێک کە خۆیان بە خاوەنی ئەم کۆمەڵگایە دەزانن، کەسانێک کە تەواوی کاتەکانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ بیرکردنەوە، نووسین، کارکردن، لەپێناو ئەوەی کۆمەڵگا بەرەو لوتکەی پێشکەوتن ببەن، کەسانێکی سەرکردە، بەهێز، خاوەن ئیرادەی بەرز.

هاورێکەم... وەرە با بە یەکەوە بەشداربین و ببین بەخاوەن پشک لە ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگاکەمان، دەی وەرە با ببینە لابەری ئێش و ئازار و مەینەتی کۆمەڵگاکەمان، وەرە با کۆتایی بە تەواوی ئەو ناخۆشی و نەهامەتیانە بێنین کەوەک کابوس بەرۆکی کۆمەڵگاکەمانی گرتووە، دەست لەناو دەست بە یەکەوە دەتوانین کۆتایی بەم پایزە خەمناکە بێنن کە خەریکە گەڵا بە دارەوە ناهێڵێت، دەتوانین ئاسمان پاک بکەینەوە لەهەوری ڕەش و بیکەین بە ساماڵی زیوین، دەتوانین ببین بە تروسکەی هەڵاتنی خۆرێکی نوێ. وەرە ببینە ڕووناکی شەوی تاریک! وەرە ببینە بارانی میهر بۆ خاکێکی تینوو! دەی وەرە لەگەڵم بە هاوڕێ!

ئاخر من و تۆ (ئێمە) بەیەکەوە دەتوانین زۆر کاری گەورە ئەنجام بدەین، بە هاوکاری و پاڵپشتی یەکتر دەتوانین زۆر شتی جوان پێشکەشی کۆمەڵگا بکەین! چاوەڕێی چیت دەی وەرە پێشەوە، دەستت بێنە با بەڵێن بەیەکتر بدەین کە ئێمە لە خودی خۆمانەوە دەست پێبکەین! چوون تاک داینەمۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی میللەتە، تاک بناغەی کۆمەڵگایە، بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە بەرەو پێشچوونی تاکەکانی!

ئازیزم... ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێت: ( إِنَّ اللهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ) الرعد: ١١

واتە: بێگومان خوا بارودۆخی هیچ گەل و میللەتێک ناگۆڕێت، هەتا ئەوان ئەوەی بە خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن.

لە ژیاندا زۆر سەرسام بووم بەم یاسا خواییە، لە هەمان کاتیشدا لە ناخمدا بۆتە تروسکەی هیوایەکی نەبڕاوە، هەمیشە و بەردەوام کارم بەم یاسایە کردووە و بەچاوی سەر بەرهەمە ناوازەکەیم بینیوە!

کاتێ تۆ بەرەو ئاڕاستەیەکی باش و چاک دەگۆڕێت، ئەوا هێزی باشی و چاکی تۆ دەگوازرێتەوە و کار دەکاتە سەر هاوڕێکان و خێزان و دەوروبەرت.

دانایەک دەڵێ: کاتێک زیرەک بووم ویستم هەموو جیهان بگۆڕم، بەڵام ئێستا دانام بۆیە دەمەوێت خۆم بگۆڕم، هەروەها تۆڵستۆی دەڵێت: هەمووان بیر لە گۆڕینی جیهان دەکەنەوە، بەڵام کەس بیر لەوە ناکاتەوە ناخی خۆی بگۆڕێت، ئەگەر دەمانەوێت کۆمەڵگایەکی چوست و چالاک و لێهاتوومان هەبێت پێویستە سەرەتا خۆمان چوست و چالاک و لێهاتووبین، بەڵێ سەرەتای گۆڕانکارییەکان بەوە دەبێت تاک لە خودی خۆیەوە دەست پێبکات، چونکە تاک سەرچاوەی وزە و گۆڕانکارییە بۆ هەر میللەتێک، تاک بنچینە و بناغەی کۆمەڵگایە، دەی تاکە بڕیار دەدات کۆمەڵگا ڕووەو چ ئاڕاستەیەک ڕێ بکات.

خۆشەویستم... تکاکارم هاوڕێ و یاوەرم بیت لەبەرپاکردنی گۆڕانێکی

مەزن، گۆڕانێک تیایدا خراپەکانمان بگۆڕین بۆ چاکە، ڕەشبینەکانمان بۆ گەشبینی، خەونەکانمان بۆ ڕاستی، خەمەکانمان بۆ ئاسوودەیی، فرمێسکەکانمان بۆ زەردەخەنە.

بەڵێ گۆڕانکاریەکی گشتگیر کە تەواوی کون و کەلەبەرەکانی وڵات بگرێتەوە، بچێتە نێو تەواویماڵەکانەوە، بەرۆکی تەواوی تاکەکانمان بگرێت، هەموو ئەمانەش لەپێناو فەراهەم هێنانی میللەتێکی چاوساغ، ڕۆشنبیر، تەندروست، داهێنەر، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەم وتە پڕ بەهایە بکەینە دروشمی ژیانمان کە دەڵێت: "خۆت بگۆڕە، دونیا دەگۆڕێت"!.

ئەگەر بڵێم هۆکاری سەرکەوتنم لە ژیاندا لۆمە و سەرزەنشتی ئەوانی تر بووە چی دەڵێیت؟! ئایا دەکرێت ڕەخنەی ڕووخێنەر ببێتە هۆی

# تۆش سوپاسیان بکە!



بونیاتنانی مرۆڤێک؟ پێت وایە وشەی زبر و قسەی ناخۆش و بێ بنەما کە ئاڕاستەمان دەکرێت بەسوودی ئێمە تەواو بێت؟! ئایا دەکرێت ئەو گاڵتەجاڕی و یارییپێکردنەی خەڵک بە ئێمەی دەکەن ببێتە هۆکاری سەرکەوتن؟!

با نموونەیەکی ژیانمت پێشکەش بکەم، کاتێک پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووم، بەهۆی کەوتن و مانەوەم لە هەمان قۆناغ، دەوروبەرم کەوتنە گیانم بە قسەی ناشرین و ناخۆش، وشەی زبر، لۆمە و سەرزەنشتکردن، بەراوردکردن، ڕەخنەی ڕووخێنەر، بەجۆرێک وەکو ڕێژنەی باران دادەبارینە سەرم، تۆ ساقیتی، تۆ شکست خواردووی، تۆ وەکو فلان دەبێت بە پێنج ساڵ دەرچیت، تۆ دۆڕاوی، تۆ کەسێکی بێ سوودی، ئەها هاوڕێکەت چۆن دەرچوو، ئەی تۆ بۆ کەوتی؟ خۆ لە هیچت کەم نەبوو، ...تاد.

ئەمانەش سەرەڕای پێکەنینە گاڵتە ئامێزەکانیان کە گڕی بەردابووە گیانی زامدارم، هەموو ڕۆژ بۆ من مردنێک بوو، ئەمە بەدرێژایی ساڵێک بەردەوام بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە دەنگێک لە ناخەوە هاواری لێدەکردم و دەیگوت: "دوای هەر کەوتنێک هەستانەوەیە"!

بۆیە بڕیارمدا بەکردار وەڵامیان بدەمەوە و بۆیان بسەلمێنم کە کەوتن مانای کۆتایی نییە، هەر کەوتنێک لەژیان بەمانای شکست نایەت، بەڵکو دەکرێت لە کەوتنەکانمان ئەزموون وەربگرین، دەکرێت کەوتن ببێتە سەرەتای سەرکەوتن، دەکرێت گەڕانەوەمان بۆ دواوە بۆ ئەوەبێت کە خۆمان ئامادەبکەین بۆ بازێکی گەورە لە ژیان.

هەر ئەوەشم کرد، لە هەموو ئەوانەی بەرامبەرم ئەنجامدرا، بە هەموو ئەو وتانەی کە لە دژم دەوتران توانیم پەیژەی سەرکەوتن بینا بکەم، بەڵێ بۆ ساڵی دووەم توانیم دەربچم و بگەم بە خەون و ئاواتی منداڵیم، "ئەو قسانەی خەڵک لەدژت دەیکەن بیکە پەیژەیەک و بەهۆیەوە هەنگاو بەرەو لوتکە هەڵگرە".

ئەمێستا لەو بڕوایەدام کە مرۆڤ هەروەکو چۆن پێویستی بە ڕێنموێنی و ئامۆژگاری و یارمەتی و پاڵپشتی کەسانی دڵسۆز و بەوەفا و ئەمەکدار هەیە، بەهەمان شێوە پێویستە لە ژیاندا کەسانێک هەبن کە دژایەتیت بکەن، کەسانێک کە لە هەوڵی دزینی خەونە جوانەکانت دابن، کەسانێک



کە بە بچووک سەیری دەستکەوتەکانت بکەن، کەسانێک کە سڵ نەکەنەوە لە قسەی پوچ و بێ مانا، کەسانێک کە بیانەوێت بە ڕەخنە ڕووخێنەرەکانیان لەبەینت بەرن.

بەڵێ هاوڕێ بوونی ئەو جۆرە کەسانە لە ژیانماندا زۆر گرنگە، دەزانی بۆ؟!

چونکە ئەوان وامان لێدەکەن هەمیشە بەئاگا و وریا بین، هەمیشە چاو کراوەبین و لەئامادەباشیدابین، ئەوان وامان لێدەکەن ژیرانەتر مامەڵە بکەین، ئەوە ئەوانن وا دەکەن ئێمە سوور و پێداگربین لەسەر



بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان، ئەوان وا دەکەن زێتر وردتر و وردبینتر بین، ئەوانن وا دەکەن زوو زوو بە خۆماندابچینەوە و کاربکەین بۆ چاکردنی خاڵە لاوازەکانمان ، ئەوان بۆ ئێمە زەنگی ئاگادارکردنەوەن، ئەوان ئامراز و هۆکارگەلی گرنگ و گەورەن بۆ گەیشتنە ئامانج.

بەڵام ئاگاداربە!! مرۆڤی لاواز بەرگەی ئەو ئازارانە ناگرێت کە لەلایەن دەوروبەرەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە دەست هەڵدەگرێت لە هەوڵدان و کۆششکردن، واز لە خەون و ئامانج و ئارەزووەکانی دێنێت، چونکە ئەو جۆرە مرۆڤانە بیروبۆچوونی کەسانی تریان لا گرنگترە لەبیربۆچوونی خۆیان و کاردەکەن بۆ ڕازی کردنی ئەوانی تر، ئەمانە کلیلی بەختەوەری خۆیان خستۆتە گیرفانی خەڵکانێکەوە کە هیچ باکیان نییە بە ونبوونی.

خۆشەویستم... ڕاستیەک هەیە ئەویش ئەوەیە گەر دەتەوێت دووربیت و ڕزگارت بێت لە قسە و تانە و تەشەری خەڵک ئەوا یەکێک لەم دوو کارە ئەنجام بدە، یان ئەوەی کە بچیتە دەرەوە لە هەسارەی زەوی و بچیتە هەسارەیەکی تر و لەوێدا بۆ خۆت بەتەنها و دوور لە مرۆڤەکان بژیت، کە ئەوەش مەحاڵە و ناکرێت! یانیش ئەوەی کە لەمە بەدوا دەست بردن بۆ کاری گەورە بڤەیە، چونکە بەرد دەگیرێتە داری بەردار، گەر دەتەوێت کەس هەقی پێتەوە نەبێت، ئەوا کڵاوی خۆت بگرە تا با نەیبات!!.

ئەگەر کەشتی ترسی هەبێت لەهەڵکردنی زریان، تۆفان، با و بۆران بۆ هەمیشە دەبێت لەکەنار بمێنێتەوە، دەزانی ڕووبار بۆ ئەوەی بگات بە دەریا تووشی چەندین کۆسپ و کەندەڵان دەبێت؟!

ئازیزی دڵم... تۆ مرۆڤی، تۆ مەزنی، تۆ بەهێزی، نابێت قسەی خەڵک ساردت بکەنەوە لە بەدەمەوەچوونت بەرەو ئاواتەکانت، نابێت بەجۆرێک کاریگەریان هەبێت کە لە هەوڵدانت بخەن، چونکە ئەمە سروشتی ژیانە، هەروا بووە و هەرواش دەبێت، دەمی خەڵک نە بە من، نە بە تۆ، نە بە هیچ کەسێکی تر ناگیرێت! با چەکی دەستت خۆڕاگری و ئارامگری بێت، لەبەرامبەر ئەوەی پێت دەوترێت.

لەکۆتایی ئەم پەڕاوە لە ناخی دڵمەوە دەنووسم: سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی دژایەتیان کردم، سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی ڕەخنەی ڕووخێنەر و وشەی زبریان ئاڕاستە کردم، هەموو ئەوانەی لۆمە و سەرزەنشتیان کردم، سوپاس بۆ ئەوانەی بەشکست خواردوو هەژماریان کردم، سوپاس بۆ ئەوانەی بە کەوتنم دایان لە قاقای پێکەنین، سوپاس بۆ ئەوانەی گاڵتەیان بە پیرۆزیەکانم کرد، سوپاس چونکە ئارام مردبوو، ئارام لاشەیەکی بێ گیان بوو، ئێوە ڕۆحتان بەبەرداکردم، وەکو ئەو گوڵە سیسەی کە تینووی دڵۆپێ ئاوە، ئاوی ژیانتان پێ نۆش کردم، ئارام بەهۆی ئێوەوە توانی چەندین دەستکەوتی مەزن تۆماربکات، سوپاس بۆ ئێوە ... سوپاس ... سوپاس!.

بۆچی بەردەوام مرۆڤەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە خەمبار و بێتاقەتن؟ بۆچی نرکە وناڵەیان بەدەست ژینێکی تاڵ و نائارام؟ هەمیشە هاواریان

# نهێنیی بەختەوەریی ڕاستەقینە!



لێ بەرزبۆتەوە کە نائاسودەیی و نەخۆشیە دەروونیەکانی وەکو خەمۆکی و هەست کردن بە تەنهایی و دڵەڕاوکێ و ترس تەنگی پێهەڵچنیون، داد و بێ دادیانە نازانن سکاڵاکانیان بەرەو لای کێ بەرن (پزیشک، مەلا، شێخ، دەروونناس، ...تاد)، بۆچی ئەمڕۆ وێردی سەر زاری زۆرینەی خەڵکی سەر زەوی ئەمەیە: "مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی"؟! بۆچی هەموو مردنیان پێ خۆشترە لە ژیان؟ بۆچی خۆکوشتن بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی بەتایبەتی لای ڕۆژئاواییەکان؟ پێت وایە هۆکاری هەموو ئەو بەدبەختی و نەهامەتیانە چین؟ بۆچی پارە، ناوبانگ، جوانی، کۆشک و تەلاری ڕازاوە، خۆشی و لەزەتی دونیا بەختەوەری ناکەنە خەڵاتی مرۆڤەکان، دەی ئەو مرۆڤانەی سکاڵای دڵتەنگی خۆیان دەکەن زۆربەی ئەو هۆکارانەیان دەستەبەرکردووە کە بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە پێویستیانە! کەواتە دڵتەنگی و بێتاقەتی لەپای چی؟!.

قانع خورشید دەڵێ: داستانی خەفەت خواردنی ئێمە و دڵتەنگیمان زۆر بەو داستانە دەچێ کە دەگێڕنەوە، لە ناوچەیەک تیمێکی سێرک، -گروپێک لەوانەی یاری سەیر و سەمەرە دەکەن بۆ گاڵتە و خۆشی- جێگیربوون و ماوەیەک مانەوە، کابرایەک چووە لای دکتۆرێکی ئەو ناوچەیە و شکاتی دەردی دڵتەنگی خۆی بردە لای، پزیشکەکەش ئەوەی بۆ پێشنیاز کرد، کە سەردانی ئەو گروپە بکات و بچێتە سەیری یاریەکانیان، بەتایبەت کابرایەکی نوکتەچیان لەگەڵە کە لاسایی زۆر شت دەکاتەوە، قسەی زۆر خۆشە و خەمی مرۆڤ دەڕەوێنێتەوە، نەخۆشەکە وتی: قوربان! من ئەو نوکتەچیەم کە دەڵێی بچۆ بۆ لای!

ئەوانەی خەڵکی هەڵدەپەڕێنن و خەریکی بەزم و شایین، لە هەمووان دڵتەنگترن، ئێمە نازانین لە کوێ بەدوای دەرمان بگەڕێین؟! کامەرانی لە

جێیەک بزربووە و ئێمە لە جێیەکی تر بۆی دەگەڕێین!

محمد زەکی باسی نامەی هاوڕێیەکی بێباوەڕی دەکات کە بەم شێوەیە باس لە حاڵی دەروونی خۆی دەکات و دەڵێت: "من لە ترسێکی بەردەوامدا دەژیم، لە خەڵکی و لە شتەکانی دەوروبەرم وەختە بتۆقم، نە سەروەت، نە سامان ئارامییان پێنەبەخشیم، نە پلە و پایە، نە لەشساغی پێیان نەدام، نە پیاوەتی و نە ئافرەت، نە دڵداری، نە شەوە



بێدارییە سوورەکان، دوای ئەوەی هەموو شتم تاقیکردەوە، بە هەموو شت دڵتەنگ دەبم، من ڕقم لە خۆمە"!.

با چەند نمونەیەکی تری ئەوانەت بۆ بهێنمەوە کە سەرەڕای دەستەبەرکردنی دارایی زۆر و ناوبانگ و خۆشی و جوانی دونیا، بەڵام سەرەنجامێکی نەخوازراویان هەبوو! سەرەنجامێکی تاڵ، کۆتاییەکی خەمناک و ترسێنەر!

پیتەر سمیدنی گەورە سەرمایەداری بەناوبانگی بەریتانی سەرەڕای ئەوەی لە هیچ شتێکی کەم نەبوو، کەچی بەخواردنەوەی ژەهر خۆی کوشت! هونەرمەندی میسری دالیدا کە بە بنچینە ئیتاڵیە کاتێ خۆی کوشت، لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیبووی "مانای ژیانم نەدۆزیەوە"!، تۆنی سکۆت دەرهێنەری بەناوبانگی هۆلیود لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا خۆی کوشت، ئەم دەرهێنەرە لە ساڵی ١٩٨٠ دا ناوبانگی جیهانی دەرکرد، کە زیاتر لە بیست فیلمی سینەمایی و دەیان زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بەرهەمهێناوە!

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەوانەی باسکران خۆ خاوەنی ماڵ و سامان و ناوبانگ بوون، ئەی بۆچی کۆتاییەکەیان بەم شێوەیە بوو؟!

زانکۆی ستانفۆرد وەڵامی ئەم پرسیارەمان دەداتەوە، لە توێژینەوەیەکیدا لەبارەی دەوڵەمەندەکانی جیهانەوە، ئایا دەوڵەمەندەکان لەڕاستیدا دڵخۆشن؟ بۆیان دەرکەوت زیاتر لە ٩٠٪ی دەوڵەمەندەکانی جیهان تووشی نەخۆشی دەروونی بوون وەک خەمۆکی توند!، لە توێژینەوەیەکی تریدا کە هەمان زانکۆ ئەنجامی داوە دەرکەوتووە کە ٩٠٪ ی دەوڵەمەندەکانی جیهان بە دوای ئاسوودەیی و کامەرانی وێڵن!، بۆ مەگەر دەوڵەمەندی ئاسوودەیی و بەختەوەری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت بۆ مرۆڤ؟!

نـا ئازیزم... سامانی زۆر، ئافرەتی جوان، ناوبانگ، پلە و پایە،

دەسەڵات، کۆشک و تەلاری ڕازاوە، سەیارەی مۆدێل بەرز، ئەمانە گشتیان بەختەوەری ڕاستەقینە و هەمیشەییان بۆ مرۆڤ پێ نییە! ئەگەر ئەمانە بۆ مرۆڤ هۆکاری چێژ بەخشینیش بن، دیسانەوە مرۆڤ ناگەیەننە ئاسوودەیی ڕاستەقینە!، ئاگاداربە باسەکەی ئێمە لە دۆزینەوەی هۆکارێکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە گوشاد و دڵشاد بکات، بەهۆیەوە ڕۆحی بەرەو بەرزایی لە شەقەی باڵ بدات، بەهۆیەوە هەمیشە هەست بەشادومانی و ئاسودەیی بکات، واتە بگاتە لوتکەی هەستکردن بە بەختەوەری و ئاسوودەیی و ئارامی ڕاستەقینە!

تۆ پێت وایە هۆکارێکی وا بوونی هەبێت؟ دەی وەرە! من و تۆ دەسکەین بەگەڕان و وردبوونەوە! تا ئەوەی هۆکارێک بدۆزینەوە مرۆڤ بگەیەنێتە ئاسوودەیی و ئارامی و بەختەوەری ڕاستەقینە!

پێم وایە زۆر پێویست بەگەڕان ناکات! نەک لەبەر ئەوەی هۆکارێکی لەم جۆرە نادۆزینەوە، نا ئەو هۆکارە لەبەردەستماندایە، گەر خۆمان ونی نەکەین! چوون ئێمە قەدر و نرخی ئەوەمان لانییە کە لەبەردەستماندایە، وەلێ کاتێ بزری دەکەین، ئاوارە و سەرگەردان دەبین بۆ دۆزینەوەی!

کاتێک خوای گەورە ئادەمی دروستکرد، ئادەم دروستکراوێکی بێ گیان بوو، تا ئەو کاتەی خوای گەورە بەشێک لە ڕۆحی خۆی بە بەرداکرد!، ئەم دێرە لەیاد مەکە "ئادەم دروستکراوێکی بێ گیان بوو، تا ئەو کاتەی خوای گەورە بەشێک لەڕۆحی خۆی بە بەرداکرد!" ئینجا ئادەم گیانی هاتەبەر و بوو بە دروستکراوێک کە کڕنوشی ڕێزی بۆ برا، کەوابوو ڕۆحی ئێمە ئاوێتەیە لەگەڵ ڕۆحی خوا، بۆیە مرۆڤ لە دووری خوا بەکڵۆڵی و زەلیلیەوە سەر دەنێتەوە، تەنها و تەنها بەنزیک بوونەوە لە خوا دەگەین بە مەنزڵ و شەرابی بەختەوەری نۆش دەکەین.

دڵخۆشی و بەختەوەری و ژیانی گوڵەبەڕۆژە بەندە بە خۆرەوە، چونکە گوڵەبەڕۆژە لەگەڵ خۆردا ئاوێتەیە، بەبێ خۆر گوڵەبەڕۆژە دەمرێت

و لەناودەچێت، مرۆڤیش بە هەمان شێوە بەبێ خوا دەمرێت و لەناو دەچێت!.

ئەوە بزانە... خوای گەورە پێویستی بە نزیکی و کڕنوش و پەرستش و ملکەچی ئێمە نییە، نیازی بە ئێمە نییە، پێویستی بە جەختکردنەوەی



ئێمە نییە، بگرە باکی بە دژایەتی کردنیشمان نییە، بەهیچ کامیان لە موڵک و دەسەڵاتی خوا نە زیاد دەکات، نە کەم! خودا بێ مرۆڤ هەر خودایە، وەلێ مرۆڤ بێ خودا هیچ نییە! کەواتە تەنها زەرەرمەند و خەسارەمەندی سەرەکی ئێمەین، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویت:

(وَمَن أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ مَعِيشَةً ضَنكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ القِيَامَةِ أَعْمَى) طه: ١٢٤

واتە: ئەوەی ڕوو وەربگێڕێت لەبەرنامە و یادی من و پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی ترش و تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لەڕۆژی دوایشدا بەکوێری حەشریان دەکەین.

کەواتە بزانە گەر لە دونیادا هەموو شتێکت بەدەست هێنابێ بەڵام لە خوا دووربیت ئەوا هەموو شتێکت لەدەستداوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر هەموو شتێکت لەدەست دابێ، بەڵام لەگەڵ خوا بیت و لە خوا نزیک بیت، ئەوە هیچت لەدەست نەداوە «ئیلاهی ئەوەی تۆی ون کرد چی دەستکەوت، ئەوەشی تۆی دۆزیەوە چی ون کرد».

شەریعەتی دەڵێت :

وشەی سیفر واتا بەتاڵ

بێ یەک بێکارن نوختە و خاڵ

یەک هەیە خاڵ دێتە ژمار

یەک دەکا بەهەزار ملیار

کاتێ لە خوا دوورین، هیچ شتێ سوودمان پێناگەیەنێت، هەرچی بکەین بەتاڵە و وەکو دانانی سفری نەبڕاوە وایە، کە بەبێ یەک هیچ مانایەکیان نییە! ئاخر من نەزانم! ئێوە بڵێن زیندەگی بێ ئەو چۆن دەگوزەرێ؟! چۆن دەکرێت مرۆڤ دووربێت لە دروستکەرەکەی؟!

شەریعەتی گوتەنی: ئەگەر بوون و گەردوون خوای لێ دەرکەیت، هیچی لێ نامێنێتەوە، دەبێتە خەرابستانێکی تۆقێنەر، پڕ لە دێو و درنج و



مێردەزمە»!.
تۆ ناتوانێت بێ دابینکردنی خۆراکی ڕۆح ژیان بگوزەرێنی! دیارە بیرت چۆتەوە کە جەستەمان خاوەنی ڕۆحێکە! دەی ئاخر ئەو ڕۆحەش پێویستی بە خۆراک هەیە، کەچی ئێمە خۆراکی ڕۆح و لایەنی ڕۆحیمان فەرامۆش کردووە! دوای مادده و ماددەپەرستی کەوتووین، هەموو شتێکمان لێ بووە بە دینار و بە دۆلار، ئاخیری خێر بێت! کاتێک مرۆڤ بیر لە هەموو شتێک دەکاتەوە جگە لەدروستکەرەکەی، ئەوە بەڕاستی کارەساتێکی مەزنە، مادده خەریکە سەرمان دەخوات، لەپێناو ماڵ و دارایی و پلە و پۆست هیچ شتێ نەما لەدەستی نەدەین، لەپێشی هەموویانەوە مرۆڤبوونمان!
ئەی سەیر نییە مرۆڤ ناتوانێت بۆ

ماوەیەکی کەم بێ خۆراک بژیت - مەبەست خۆراکی جەستەیە- کەچی تەمەنێک دەباتە سەر بێ دابینکردنی خۆراکی رۆحی! تەمەنێک دەباتە سەر بەبێ ئاگایی و سەرلێشێواوی!.

خۆراکی ڕۆح بریتیە لە ملکەچی تەواو بۆ خوای یەکتا، تەسلیم بوون بۆ گشت فرمانەکانی، خۆراکی رۆح لەزەت بردنە لە کڕنوش و سوجدە و ڕاوەستانت بەرامبەر ئەو زاتە مەزنە، چێژ بردنە لە پەرستشەکان، خۆراکی ڕۆح لەبێداری شەوە بۆ خوا، لە فرمێسک ڕشتنە بۆ خوا، لە بەخشینە لەپێناو خوا، لە چاکەکردنە بۆ خوا.

گەر دەتەوێت چێژی نزیکی لە خوا بزانی بڕۆ لە عابیدێک، یان عارفێکی ڕاستەقینە بپرسە، ئەوکات دەزانی، ئەوکات هەست بە گڕی نێو ناخیان دەکەی، کە چۆن شەیدا و ئەویندار و دڵ مەستی لیقای نوورن، بەڕاستی ئەوان بە مانای وشە چێژی ڕاستەقینەی ئاسوودەیی و بەختەوەریان نۆشیوە، یەکێ لەو عاریفانە دەڵێ: « ئیلاهی من کە تۆم هەبێت، ئیتر دڵسپاردن بە غەم و بێ هیوایی کەی کاری منە».

سەعیدی نوورسی دەڵێت: ئەوەی خوا بناسێت و گوێڕایەڵی فرمانەکانی بکات، با لە بەندیخانەشدا بێت هەر بەختەوەرە، ئەو کەسەش لە خوا بێ ئاگا بێت و خوای لە یاد چووبێت، با لە کۆشک و تەلاریشدا بژی، هەر بەدبەخت و سەرلێشێواوە!

قانع خورشید لەکتێبی خەڵوەتدا لە بەشی حیکمەتی ئیلاهی کۆمەڵە وتەیەکی دکتۆر حوسەینی ئیلاهیی قومشەیی هێناوەتەوە، کە لە یەکێ لە وتەکاندا دەڵێ: خۆزگە هەموو شتەکان لە یەکدا ئیدغام و تێهەڵکێش بکرایەن.. یەک دولبەر لە دونیادا هەیە، یەک ڕازق هەیە، یەک جوان هەیە، ئەویش بەس (ئەوە).. دار چیە؟ ایە اللە.. مانگ و خۆر چیە؟ ایە



الله.. (أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّار)
یوسف بە هاوزیندانیەکانی وت: ئەرێ خواگەلێکی جیاجیا باشن یا خوایەکی زاڵی تاک و تەنها؟.. یەک گوناە هەیە، یەک هەڵە هەیە، یەک زیزبوونیش هەیە، کە خوات لێ زیز بوو هەموو شتت لێ زیز دەبێ.

دڵنیابە ژیان بێ ئەو نرخ و بەها و مانای نییە، هۆکاری سەرەکیش لەپشت ئەو دڵتەنگی و ناڕەحەتی و خەمباری و بەدبەختیانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی مرۆڤی گرتووە، بەهۆی دووریمانەوەیە لە خوای گەورە، بەهۆی پشگوێخستنی بەرنامەکەیەتی کە ئیسلامە، بەهۆی لادانمانە لە یاسا و دەستووری خوایی.

ئەوەت دێنمەوە یاد ئەگەر ئێمە دەمانەوێت دڵارام و ئاسوودەبین، خۆشحاڵ و خۆشنوودبین، شاد و بەختەوەربین، هەر ئەوەیە ئیدی «نزیکی لە خوا» ئینجا کە

لەگەڵ خوا بووین و لێیەوە نزیک بووین خەم و ئازار و مەینەتیەکان ماڵاوایی یەکجارەکیمان لێ دەکەن، ئەوکات دڵتەنگی کاتی بەسەر دەچێت و مانایەکی نامێنێت، چوون مرۆڤ ئەوەی دۆزیوەتەوە کە پێویستی پێیەتی!

«خودایە گیان بۆ تەواوی ئەوکاتانەی کە تۆ لە گەڵم بوویت و من بێ تۆ بووم بمبەخشە»!.

## وتەی کۆتایی

بەسە بڕیار بدە، بڕەو بە ژیانت بدەی!

ئەگەر ئەم پەرتووکە نەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی بەرەو ژیانێکی تر هەنگاو بنێی!

دەیان کتێب و دەیان کەسی تر ناتوانن سوودت پێبگەیەنن،

چوون بڕیارت داوە نەگۆڕێیت!

ئەو کاتیش پێت دەڵێن: بە بەردبوو!

بۆیە هەر ئێستا دەسپێبکە!

دڵنیابە درەنگ نەبووە بۆ دەسپێکردن!

تا کاتێک هەناسە دەدەیت هەرگیز درەنگ نییە!

بۆیە بڕیار بدە ژیانێک بژیت، کە ڕابردوو لە بەرامبەریدا چۆک دابدات!

ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرت
لەوە کردەوە دیاریم پێ
ببەخشی، ئەوا با دیاریەکەت
بریتی بێت لە کتێب، چونکە
لای من جوانترین دیاری بۆ
خۆشەویستان کتێبە!

ئارام

دیکارت دەڵێ: ڕەنگە خوێندنەوەی کتێبێک بنەماکانی بیرکردنەوەی مرۆڤێک بگۆڕێت، بۆیە ئەگەری ئەوەش هەیە چارەنووسی هەزاران مرۆڤ بگۆڕێت! بەو ئامانجە ئەم کتێبەم نووسیوە کە ببێتە پاڵنەری تۆی خۆشەویست لەگۆڕینی چارەنووسی ژیانت!

تا ببێتە دەرگایەک لێیەوە بگەیتە خەونەکانت، تا ببێتە نوقڵی سەرکەوتن، تا ببێتە هۆکاری ئاشتەوایی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا، تا ببێتە بەرزکەرەوەی دەستە کەوتووەکان و ڕۆشنایی چاوە کاڵبووەکان